


# دەوڵەتی ژمارە ١٩٣ سەربەخۆیی باشووری سودان و کۆتایی هێنان بە سایکس بیکۆ



(هەمـوو بۆچوونەکان بەو ئاراسـتەیەن کـە هاووڵاتیانی باشـووری سـودان دەنگ بـۆ سـەربەخۆیی بـدەن، واتە بۆ دابەشـکردنی گەورەترین دەوڵەت لە ئەفریقا و جیهانی عەرەبی بۆ دوو دەوڵەت، ئامانجی ئەم ریفراندۆمە ئەوەیە کە پرۆسەی ئاشتی سەربخات و کۆتایی بەو کێشەیەی نێوان باکوور و باشوور بهێنێت کە دەیان سـاڵە درێژەی هەیە، بەڵام مەترسـی ئەوەش هەیە ئەو گرژیانەی دەمێننەوە بگۆڕدرێن بۆ توندوتیژی)

**مارینا ئۆتاوا**

ریفراندۆمی باشووری سودان کە هەموو بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەن بە دابەشبوونی گەورەترین دەوڵەت لە ئەفریقیا و جیهانی عەرەبی و لە دایکبوونی دەوڵەتی ژمارە ١٩٣ لەجیهاندا کۆتایی پێبێت، راستیەکمان پیشاندەدات، کە وڵاتێك ئامادەباشی تێدانەبوو بۆ دیموکراتی و تێگەیشتن لەمانای پێکەوە ژیان و هاوبەشیکردنی راستەقینەی پێکهاتە جیاوازەکان لە هەڵسوڕاندنی کاروباری دەوڵەتدا، ئەوا چارەنووسی هەمان چارەنووسی سودان دەبێت، هاووڵاتیانی باشووری سودان رۆژێك لە رۆژان شەڕخواز نەبوون و دەستپێشخەر نەبوون لە هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ، بەڵکو هەموو جارێك حکومەتی خەرتووم بەبیانووی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و بەعەرەبکردنی خەڵکە غەیرە عەرەبییەکەی باشووری سودان دەست پێشخەربووە، هەر بۆیە ئەو کاتەی سودان دەوڵەتێکی کۆلۆنیالی بوو، باشوورییەکان تاراددەیەك دەیانتوانی کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن و جۆرە سەربەخۆییەکی ئیداریان هەبوو، بۆیە گرژی و ئاڵۆزی نێوان باکوور و باشووریش بێدەنگ بوو، بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٦ سودان سەربەخۆ بوو، ئەوا باشوور لەگەڵ باکوور تێکەڵکرایەوەو حکومەتی خەرتووم هەوڵیدا هەموو ئازادییەکانی باشوور زەوت بکات، ئەمەش دروست وەك ئێمەی کورد کەدوای ساڵی ١٩٥٨ حکومەتی قاسم لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەزبووە و لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ شۆڕش دەستی پێکرد، باشوورییەکانیش بەهەمان شێوە لە ساڵی ١٩٥٨ەوە کەوتنە ئامادەباشی بۆ ئەوەی لەبەرامبەر هەوڵەکانی حکومەتی خەرتووم بەدەنگ بێن و داوای سەربەخۆیی باشوور بکەن و لەساڵی ١٩٦٣ بۆ بەدیهێنانی ئەم داوایە کەوتنە خەباتی چەکداری، بەڵام وەك پیشەی حکومەتەکانی عێراق بەرامبەر بە شۆڕشی کوردستان، حکومەتی خەرتوومیش لە ساڵی ١٩٦٥ داوای دانوستاندنی لەگەڵ باشوورییەکان کرد و ئەم دانوستاندنە بەردەوام بوو هەتا لەساڵی ١٩٧٢ رێککەوتنی ئەدیس ئەبابای لێکەوتەوە و بەپێی ئەم رێککەوتنە مافی ئۆتۆنۆمی درایە باشووری سودان، هەروەك چۆن حکومەتی بەغدا لەساڵی ١٩٧٠ رێککەوتنی ئاداری لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول ئیمزاکرد



پرۆفیسۆر کلایتۆن تاین:

## گرنگی ئەم ریفراندۆمە لەوەدایە ئەگەر هاتوو سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێتە دوا بزمار لە تابووتی دڕندانەترین شەڕی ناوخۆ، تەنانەت گرنگی خۆی دەبێت بۆ سۆماڵ و کوردستان

و بەپێی ئەو رێککەوتنە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق دیاریکرا، لەگەڵ ئەوەی ماوەی رێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ی شۆڕشی ئەیلول لەگەڵ حکومەتی عێراق تەنیا ٤ ساڵ بوو جارێکی دیکە شەڕ دەستی پێکردووە، بەهەمان شێوە ماوەی رێککەوتنی ئەدیس ئەبابا کە ١٠ ساڵی خایاند سەرەنجام بە هاتنی جەعفەر نمیری بۆ سەرۆك کۆماری سودان لەهەموو رێککەوتنەکە پاشگەزبووەوە چەندین خاڵی نێو رێککەوتنەکەی پێشێلکرد و کردیە رێککەوتنێکی بێ ناوەرۆك، هەروەك چۆن حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٧٤ رێککەوتنی ئاداری بێ ناوەڕۆك کرد و ئۆتۆنومی راستەقینەی کوردستانی گۆڕی بۆ ئۆتۆنۆمیەکی کارتۆنی، پاشان قبوڵنەکراو شەڕ دەستی پێکردەوە، بەهەمان شێوە باشوورییەکانیش لەساڵی ١٩٨٢ پێشێلکارییەکانی جەعفەر نمیریان قبوڵنەکرد و شەڕ دەستی پێکردەوە، بەڵام شەڕی ئەمجارە خوێناویتر لە پێشان و بووە هۆکاری ئەوەی کە زیاتر لە یەك ملیۆن کەس لە هەردوولا بکوژرێن، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا بزووتنەوەکەی باشووری سودان لەپێناوی ئەوەی سودان دابەشبکرێت شۆڕشیان کرد یان مەبەستیان ئەوەبوو کە سودان وڵاتێکی دیموکراتی و فیدراڵی بێت و هەموو هاووڵاتیانی سودان بە عەرەب و غەیرە عەرەب و بە موسڵمان و کریستیانەوە بێ جیاوازی تێدا بژین، بەڵام کاتێك هیچ رێگەیەك ناهێڵرێتەوە دەسەڵاتی ناوەند ئامادە نابێت کە بەرێگەی ئاشتی و دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکرێن و ئامادە نابن کە وڵاتێکی کاولکراوی دوای شەڕ ئاوەدانبکرێتەوە و لە هەموو روویەکەوە پشتگوێ بخرێت، ئەوا ناچار دەبن کە پەنا بۆ سەربەخۆیی ببەن و بڕیاربدەن کە پێکەوەژیان بەو لۆژیکەی کە حکومەتی ناوەندی خەرتووم دەیەوێت ئەوە پێکەوە ژیان نییە و دواکردنی کۆیلایەتییە، لەم چوارچێوەیدا ئەگەر لەرای گشتییەوە سەیری ئاکامی ریفراندۆمەکە بکەین، پێش ئەوەی دەنگدەران چووبنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، هەموو کەسێك هەست بەو راستیە دەکات کە هەرگیز هاووڵاتیانی باشووری سودان دەنگ بۆ مانەوە لە چوارچێوەی سودان نادەن و هەموویان دەنگ بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی دەدەن.

### لە وڵاتێکدا دیموکراتی بوونی نەبێت رێککەوتنەکانی ئاشتی تەنیا ئاگربەستە

ئەزموون و مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان فێری کردوین کە رێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ بونیادنانی ئاشتی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندان، بێجگە لە ئاگربەستێکی کاتی و خۆئامادەکرن بۆ شەڕێکی دیکە، شتێکی تر نییە، بە خوێندنەوەی پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی سودان و بزووتنەوەکانی باشووری سودانیش دەگەینە ئەوەی کە هەموو ئەو رێککەوتنانەی بە مەبەستی ئاشتی لەنێوان حکومەتی خەرتووم و باشووری سودان ئیمزا کراون، بێجگە لە ئاگربەستێك کە حکومەتی خەرتووم پێویستی پێی بووە و وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ شەڕێکی دیکە و تۆڵەسەندنەوە لە باشوورییەکان شتێکی دیکە نەبووە، ئەم راستیە پێمان دەڵێت، کاتێك رێککەوتنی ئاشتی بووە ئاگربەستی کاتی و خۆئامادەکردن بۆ شەڕێکی دیکە، ئەوا واقیع دیسەپێنێت کە پێویستە رەگ و ریشەی ئەو هێزە شاراوەیەی شەڕ دەربهێنرێت بۆ ئەوەی

ئاشتیەکی هەمیشەیی بێتە ئاراوە، هەربۆیە ئێستا کە باشوورییەکان بڕیاری سەربەخۆیی دەدەن، بڕیارەکەیان بۆ هەڵکێشانی ریشەی ئەو شەڕەی کەماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵە باشوور و باکووری سودانی کاولکردووە، سەبارەت بەوەی ئەم ریفراندۆمە تاچەند دەبێتە هۆکارێك بۆ لەریشە هەڵکێشانی رەگ و ریشەی ئەو شەڕە بێزراوە، پرۆفیسۆر کلایتۆن تاین ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی کینتاکی و تایبەتمەند لە دیراساتی ئەفریقی و شەڕی ناوخۆی سودان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ئەم ریفراندۆمە لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز زۆر گرنگە، گرنگترینیان ئەوەیە ئەگەر سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێتە دوا بزمار لە تابووتی دڕندانەترین شەڕی ناوخۆ دەرێت، کە لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا روویدابێت، کەواتە لەم رووە گرنگیەکی لە رادەبەدەری هەیە، ئەویش بریتییە لە هێنانەدی ئاشتی لەم ناوچەیەدا، لەلایەکی دیکەوە ئاکامی بەرفراوانتری لێدەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی لە سەرتاسەری جیهاندا چەندین بزووتنەوە هەیە دروشمی مافی چارەی خۆنووسینی بەرزکردۆتەوە. واتە ئەگەر مافی چارەی خۆنووسین بە سەرکەوتوویی پیادە بکرێت، ئەگەر جیبابوونەوەکە بە سەرکەوتوویی رووبدات، ئەوا گرنگی خۆی دەبێت بۆ سۆماڵ، بۆ کوردستان، واتە ئەگەر ئەم پرۆسەیە بە سەرکەتویی رووبدات، ئەوا ناڵێم دەبێتەهۆی ئەوەی ئەم ناوچانە پشتئەستوور بن بۆ گرتنەبەری هەمان هەنگاو، بەڵام دەبێتەهۆی ئەوەی سەرسەختانەتر کار بکەن بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بیربکەنەوە کە ئەوانیش دەتوانن هەمان سەربەخۆیی بەدەست بهێنن. هەربۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئەگەر بە سەرکەوتوویی و بە ئاشتیانە بەرێوەبچێت، ئەوا دەبێتە پێشینەیەك، بەڵام ئەگەر ئێمە لەم رووەوە لە کێشەیەکی وەك کێشەی سۆماڵ بڕوانین، ئەوا حکومەتێکی بەهێز لە پایتەختدا بەدی ناکەین کە بتوانرێت گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت، لە کاتێکدا لە خەرتوم حکومەتێکی بەهێز دەسەڵاتی بەدەستەوەیە. ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردەکانەوە، ئەوا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کوردەکان بەسەر سێ وڵاتدا دابەش بوونە و کوردەکانیش لە بزووتنەوەیەکی یەکگرتوودا کۆنەبوونەتەوە بە چەشنی



پرۆفیسۆر سکۆت گەیتس:

# له ریفراندۆم بێجگه له پرسی نەتەوەیی، کێشەی دیکەش دێتە پێش وەک کێشە لەسەر سەرچاوەی داهاتەکان وەک پێترۆل

باشووری سودان، واتە جیاوازی بنەڕەتی هەیە، هەروەها پێموایە کوردەکانی عێراق پتر پێداگیری لەسەر ئۆتۆنۆمی دەکەنەوە نەك سەربەخۆیی، واتە ئامادەنین شەڕی سەربەخۆیی بکەن، لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئۆتۆنۆی بەسە)).

سەبارەت بە جیابوونەوەی باشوور بەشێوەیەکی ئاشتیانە لە باکووری سودان و پێشنیەی مێژووی لەم بوارەدا، پرۆفیسۆر سکۆت گەیتس بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی شەڕی ناوخۆ (CSCW) لە نەرویج و پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر شەڕی ناوخۆیی دارفۆر و سودان و باشوور و باکووری سودان، بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ئەم مەسەلەیە هەمیشە کێشەیەکی ئاڵۆزبووە، لەبەرئەوەی چەندین پرسیار دێتە ئاراوە لەبارەی ئەگەر و چۆنیەتی دابەشبوونی وڵاتان و کە ئایا بەشێوەیەکی ئاشتییانە دابەش دەبێت یا نا. شانەنشینی «سوید و نەرویج» هەبوو، لە «نەرویج» ریفراندۆمێك ئەنجامدرا بۆ جیابوونەوەی «نەرویج» لە «سوید»، لە «سوید» جۆرە نارەزاییەك سەریهەڵدا، بەڵام لەکۆتاییدا «نەرویج» بە ئاشتییانە جیابۆوە و «سوید»یش لەو بارەیەوە هیچ کێشەیەکی نەخولقاند. نموونەیەکی تر، دابەشبوونی «چێکسلۆڤاکیا»، کاتێك کە رێگە بە «سلۆڤاکیا» درا جیابێتەوە و هیچ کێشەیەك روویندا. بەڵام چەندین نموونەی تر هەیە کە تیایدا گرووپ و نەتەوە و ناوچە هەبوون داوای جیابوونەوەیان کردبوو و داواکارییەکانیان رەتکرایەوە و لەئاکامدا چەندین شەڕی ناوخۆیی بەرپابوو. وەك پێشتریش ئاماژەم بە ئەزموونی نەرویج و سوید و چیك و سلۆ فاکیا کرد، کە بەشێوەیەکی ئاشتییانە کۆتاییان هات، بەڵام زۆربەی کێشەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە ناگاتە چارەسەر. ئەویش لەبەرئەوەی بێجگە لە پرسی نەتەوەیی، کێشەی دیکەش دێتە پێشێ وەك کێشە لەسەر سەرچاوەی داهاتەکان وەك بیترۆل کە دەکەونە ناو ئەو ناوچانەی جیادەبنەوە، هەروەها «عێراق»یش، کە ئەویش لەخۆیدا گرفتی گەورەی هەیە لەبارەی سامانەکان و دەستنیشانکردنی سنوورەکان و کێشەی یەکپارچەیی وڵاتەکە و کێشەکانی تر).

## پابەند بوون بە ئاکامی ریفراندۆمەکە و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی بەشیر

زۆر لە چاودێرانی بارودۆخی سیاسیی سودان و ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، لەگەڵ ئەوەی لەوە دڵنیان کە هاووڵاتیانی باشووری سودان دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو مەترسیەش ناشارنەوە کە ترسی ئەوەیان هەیە کە گرژی و ئاڵۆزییەکانی دوای بڕیاردانی سەربەخۆیی جۆرێك لە توندوتیژی لێبکەوێتەوە، لە هەمانکاتدا عومەر بەشیری سەرۆکی سودانیش لە میانەی سەردانەکەی بۆ جوبای پایتەختی باشووری سودان، بەوەی بەڵێنیدا پابەند بێت بە ئاکامی ریفراندۆمەکە و ئەگەر هاووڵاتیانی باشووری سودان دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا، ئەوا پیرۆزباییان لێدەکات، بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدات، ئەوەیە ئایا تاچەند عومەر بەشیر بە بەڵێنەکانی خۆی پاپەند دەبێت و تاچەند بەڵێنەکانی بەشیر رێگە لە توندوتیژی دەگرێت؟ ئەمەیان مەسەلەیەکە دوای راگەیاندنی ئاکامی دەنگدانەکە دەردەکەوێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە



و سـەبارەت بەوەی چۆن عومەر بەشیر ئەم لێدوانانەی داوە و چۆن سـەرۆکی یەکێك لە دەوڵەتانـی عەرەبی توانی ئەو جورئەتە بەخـۆی بدات؟ پرۆفیسـۆر بێـرن یۆت ئوستادی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکـووری ئەفریقیا لـە زانکۆی بێروت

**ئامانجی ریفراندۆمی باشووری سودان سەرخستنی پرۆسەی ئاشتییە، بەڵام لەدوای ریفراندۆمەکە ئەگەری کەوتنەوەی توندوتیژی زۆرە**

بەمجـۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ریفراندۆم بۆ هاووڵاتیانی باشووری سـودان زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی هێمایەکە بۆ ئەو شـتەی کـە ئـەوان هەڵبژاردنیان هەیە، هەروەها دەرفەتێکیان پێ دەبەخشێت بۆئـەوەی داخوازییەکانیـان دەربـڕن بۆ داهاتوویان. چەندین سـاڵ لەباری جەنگدا بوونە و ئێسـتا کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بە ساتە سەختەکەیان بێنن. هەربۆیە، ئەمە شـتێکی زۆر گرنگە و مـن لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوڕام کە دەستنیشانکردنی مافی چارەنووس مافێکە بۆ ئـەو خەڵکە، بەڵام سـەبارەت بە بەڵێنەکانی عومەر بەشیری سـەرۆکی سـودان، ئەوە لەبەرئەوەبوو کە هیچ چارەیەکی تری لەبەردەمدا نەمابۆوە، بێجگە لەوەی کە دەبوو هەر پاڵپشـتی لە مـاف و ئیرادەی هاووڵاتیانی باشـووری سـودان بکات، ئەگەرنا ئەوە هیچ وڵاتێك لە جیهان پشـتگیری نـاکات. ئەم بەرواره لە مانگی کانوونی دووەمی سـاڵی ٢٠٠٥

**هەر وڵاتێك ئامادەباشی تێدانەبوو بۆ دیموکراتی و تێگەیشتن لەمانای پێکەوە ژیان، ئەوا چارەنووسی هەمان چارەنووسی سودان دەبێت**





دیاریکرا، کاتێك کە ڕێککەوتنی ئاشتی واژۆکرا، هەموو جیهانیش پشتگیری دەکەن لە مافەکانی باشووری سودان. هەربۆیە، سەرۆك ناچارە پشتگیری لە ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە بکات، لەبەرئەوەی بە پێچەوانەوە لە گۆشەیەك بەتەنیا دەمێنێتەوە

**پێکەوەژیان بەو لۆژیکەی کە حکومەتی ناوەندی خەرتووم دەیەوێت ئەوە پێکەوە ژیان نییە و دواکردنی کۆیلایەتییە**

و هیچ وڵاتێك پشتگریی ناکات، نە وڵاتانی رۆژئاوا و نە وڵاتانی دراوسێش. لەلایەکەوە، جیهانی عەرەبی و بەتایبەتی حکومەتی سودانی خوازیارن باشووری سودان لەچوارچێوەی سودان بمێنێتەوە، ئەویش بەهۆی سەرچاوە سرووشتییەکان و نەوتی باشووری سودان. لەلایەنێکی ترەوە، ئەوان چاوەڕوانن کاریگەرییان لەسەر باشووری سودان بمێنێت بۆئەوەی فشار بخەنە سەریان و لەئاکامدا ناچاریان بکەن ئایینەکەیان بگۆڕن و ببن بە موسڵمان. بەڵام ئەمڕۆ هاووڵاتیانی باشووری سودان داواکارن لەسەر ئەستۆی خۆیان بمێننەوە و لەوێشدا ئازادییەکی بەرچاو هەیە لە پیادەکردنی نەریتەکانی ئایینی ئیسلام. بەڵام چەندین ساڵە ناوچەکەیان فەرامۆشکراوە لەڕووی پەرەپێدان و پێشکەوتن و ئەمڕۆ لەسەر دەستی خۆیان ئەو شتانە وەدیهێنراوە و خۆیان بڕیاردەرن لەسەر داهاتووی وڵاتەکەیان. هەربۆیە، بەڕای من «بەشیر»

**ئەزموون و مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان فێری کردوین کە ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ بونیادنانی ئاشتی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە، بێجگە لە ئاگربەستێکی کاتی شتێکی تر نییە**



هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر باشوور نەماوە، لەبەرئەوەی ئێستا بریار لەدەستی خۆیانە بۆ دەستنیشانکردنی داهاتوویان، لەهەمان کاتیشدا پێویستە ئەو شتە لەیاد نەکەین کە ئەمڕۆ باشوور لەڕووی سەربازییەوە بەهێزە و ئەگەر بێت و باکوور پابەند نەبێت بە ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە، ئەوکات جەنگ بەرپادەبێت و هەڵبەتە ئەمەیان وەکو جەنگەکانی پێشوو نابێت)).

بەڵام پرۆفیسۆر کلایتۆن تاین کە شارەزایی لەسەر سیاسەتی ناوخۆیی سودان هەیە سەبارەت بەهەمان پرسی بەڵێنەکانی بەشیر رایەکی پێچەوانەی هەیە و بەمجۆرە ئەو رایەی خۆی بۆ گوڵان ئاشکرا کردو وتی: (پێموایە سەرۆکی سودان راستگۆ نییە، لەو باوەڕەدانیم باکووری سوودان رێگەبدات باشووری وڵاتەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە جیاببێتەوە، هۆکاری سەرەکی بوونی نەوتە لەو ناوچەیەدا، لەبەر ئەوەی ئەوکاتە دەبێت باکووری سوودان دەست لە چەندین سەرچاوەی نەوتی هەڵبگرێت، کەواتە ئەوە تەنیا کارێکی سیاسی بوو، کارێك بوو کە ناچار بوو بیکات، دەتوانین بڵێین زیاتر کارێکی رووکەشیانە بوو. نازانم بۆچی دەبێت متمانە بە بەشیر بکرێت؟ لەبەر ئەوەی ئەو سەرکردەیەکە بە تاوانی جەنگ ئیدانە کراوە، ئەو سەرۆکێکە لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە داواکراوە، متمانە بەو لێدوانەی ناکەم، متمانەی پێناکەم تاوەکو جیابوونەوەکە بە فیعلی نەبینم، هەروەها بۆ من مایەی تاسانە ئەگەر رووبدات. لە راستیدا ئەوەی راستی قسەکانی دەسەلمێنێت کردەوەیە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین چۆن ئەم سەرکردەیە کە جینۆسایدی ئەنجامداوە، مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی راپرسییەکەدا دەکات ئەگەر دەنگ لەبەرژەوەندی سەربەخۆیی بدەن، بۆ من مایەی تاسان دەبێت ئەگەر رێگەبدات باشووری سودان بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە وڵاتەکە جیاببێتەوە. لەوە تێناگەم چۆن دەتوانیت لەدەستدانی نیوەی وڵاتەکەت بە پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەکەت لێکبدەیتەوە! پرسیارەکە ئەوەیە لە باشووری سوداندا چەندین سەرچاوەی نەوت هەیە، لەکاتی جیابوونەوەی ئەو بەشە لە وڵاتەکە چۆن حکومەتی باکوور دەتوانێت سوود لەو سەرچاوانە وەربگرێت؟ پێموایە



پرۆفیسۆر بیرن یۆت:

# «بەشیر» هیچ دەسەڵاتێکی لەسەر باشوور نەماوە، لەبەرئەوەی ئێستا بریار لەدەستی خۆیانە بۆ دەستنیشانکردنی داهاتوویان

ئەمە تەنگژە گەورەکەیە)).

**باشووری سودان وەك دەوڵەتێکی حەوزی نیل و بەشێك لە شەڕی ئاو**

باشووری سودان لەگەڵ ئەوەی تائێستا ناوێکی بۆ دانەنراوە، بەڵام لە چەند مانگی رابردوو لە میانەی راپۆرتێکدا کە سایتی (تەقریری واشنتۆن) بڵاویکردبۆوە، ئاماژەی بەوەکردووە کە یەکێك لەو ناوانەی پێشنیار دەکرێت ببێتە ناوی فەرمی بۆ دەوڵەتە تازەکەی باشووری سودان، دەوڵەتی نیلە ئەمە لەبەر ئەوە بەشێکی رووباری نیل بەو وڵاتەدا تێدەپەڕێت، ئەم رووبارە دەشێت ببێتە سەرچاوەیەك بۆ سەقامگیری و پەیوەندییە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکانی دەوڵەتی باشووری سودان، بەڵام لەهەمانکاتدا مەترسی ئەوەشی لێدەکرێت کە دەوڵەتە تازە ببێت بەبەشێك لە شەڕی ئەو ئاوەی کە مەزندەدەکرێت لە داهاتوو رووبدات، سەبارەت بە بایەخی نیل بۆ دەوڵەتی باشووری سودان، پرۆفیسۆر سکۆت گەیتس، بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان راگەیاند و وتی: (بەدرێژایی مێژوو سەلمێندراوە کە «رێککەوتنەکانی ئاو» جێگیر و سەقامگیر دەمێنێت. «هیندستان» و «پاکستان» ٤ جەنگیان هەبوو، بەڵام رێککەوتنی «دوڵی هیندستان» پارێزرا. هیندییەکان هەرگیز سەرپێچییان لەو رێککەوتنە نەکرد، لەکاتێکدا کە گرژییەکی زۆر و فراوان لەنێوان هیندستانییەکان و پاکستانییەکان هەبوو. خودی «پاکستان» دابەشبوو، کە «بەنگلادیش» درووستبوو رۆژهەڵاتی «پاکستان» لە رۆژئاوای «پاکستان» جیابۆوە. جەنگێکی خوێناوی لەئارادا هەبوو، بەڵام هاوکات رێککەوتنی ئاو پارێزرا. ئەمڕۆش مشتومڕێکی زۆر لەسەر رێککەوتنی «نیل» هەیە و پاراستنی ئەم رێککەوتنە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە کە ئایا پاش پێکهێنانی دەوڵەتێك رێککەوتنی «ئاوی نیل» دەپارێزرێت یان نا. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، دەبێت رێککەوتنەکانی ئاو جێگیر و سەقامگیر بێت، تەنانەت گەر لە ساتی جەنگیشدا بێت).

کەواتە رێککەوتن لەسەر ئاوی نیل دەبێت پارێزراو بێت، هەر ئەمەش پێدەچێت هۆکاری ئەوەبێت میسر دامەزراندنی دەوڵەتی باشووری سودان بۆ سەربەخۆیی بەمەترسی نەزانێت، بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم مەسەلە گرنگە پرۆفیسۆر بیرن یۆت لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بەم پرسە وتی: (پێویست بە سەرهەڵدانی کێشە و گرفت ناکات. پێویستە هەموو وڵاتەکان قایلبن بە بارودۆخەکە و پێکەوە دانیشن و رێککەون لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی سەرچاوەکان، بەپێی ئەو رێککەوتنەی کە لەساڵانی ١٩٠٠ەکاندا واژۆکراوە، کە دان نراوە بە خاوەندارێتیی «میسر» لەسەر هەموو سەرچاوەکانی رووباری «نیل». بەڵام بەتێپەڕبوونی کات هەموو وڵاتانی رووباری «نیل» پێکەوە دانیشتن و رێککەوتن لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی سامانەکانی رووباری «نیل» بەشێوەیەکی یەکسان بەتایبەتی ئاوەکەی. هەربۆیە، هیوادارم هیچ کێشەیەك لەم بارەیەوە روونەدات، لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانە هەموویان خاوەنی رووباری «نیل»ن و پێویستە فێربن لەسەر چۆنیەتی هاوبەشکردنی. هەربۆیە لە دوماهیدا دڵنیم بەرای من پشتگیریکردن لە مافەکانی مرۆڤ باشترین رێگەچارەیە. پێویستە دەرفەت بە خەڵکی چەوساوە بدرێت


بۆ دەربڕینی را و بۆچوون و خواستەکانیان لە سەندووقەکەکانی دەنگدان. لەبەرئەوەی جگە لەخۆیان هیچ کەسێکی تر نازانێت چی بۆ ئەوان باشترە. منیش لێرەوە خوازیارم ڕێزنواندن هەبێت بۆ بڕیاڕی دانیشتوانی باشووری سودان)).

### دروستبوونی دەوڵەتی باشووری سودان سەرەتای کۆتایی سایکس بیکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا

پلانی سایکس بیکۆ بۆ دابەشکردنی وڵاتان، تەنیا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیای نەگرتۆتەوە، بەڵکو نەخشەی سیاسیی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاش بەشێك بوو لەو پلانی دابەشکردنی وڵاتان کە بەنەخشەی سایکس بیکۆ ناسراوە، لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو نەخشەی سایکس بیکۆ دەسکاری کرا و ژمارەیەکی زۆر لەو نەتەوانەی بەپێی نەخشەکەی سایکس بیکۆ بە وڵاتانی دیکەوە لکێنرابوون، سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتوو جیابوونەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتای نەوەدەکان دەوڵەتانی گەورەی جیهان لە پێش هەموویانەوە ئەمریکا لەوە دەترسا کە دەسکاری کردنی سایکس بیکۆ ببێتە هۆکاری ئەوەی سەقامگیری ئەوروپا تێکبچێت، بەڵام بەپێچەوانەوە دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم گۆڕینی نەخشەی سایکس بێکۆ هۆکاری ئەوەبوو کە شەڕە ئیتنیە خوێناوییەکان بەردەوام بێت، هەروەك لە یوگسلافیای پێشوو بینمان و سەرەنجام ڕێگەی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە بواردان بەمافی سەربەخۆیی ئەو نەتەوانە دۆزرایەوە، ئێستا کە باشووری سودانیش ئەم بڕیارە دەدا، بێگومان پێشینەکی ئیجابی بۆ دەسپێکی هەڵوەشانەوەی سایکس بیکۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا دێتە ئاراوە، پاش سەربەخۆبوونی باشووری سودان ئەو ترسە لای وڵاتانی گەورەی جیهانی بەتایبەتی ئەمریکا دەڕەوێتەوە، کە دەسکاری کردنی سنوور بواردان بە لەدایکبوونی دەوڵەتی نوێ، نەخشەی ڕێگەیە بۆ چەسپاندی ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و جیهانی و چیدیکە بە بیانووی راگرتنی سەقامگیرییەوە نەتەوە بێ دەوڵەتەکان لە مافی دروستکردنی دەوڵەت بێبەش ناکەن.



# هەرێمی كوردستان و باشووری سودان
# خەبات و مێژووی هاوبەش



د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد

دروستكردنی دەوڵەتی نەتەوەیی هیواو ئاواتی هەموو میللەتانی سەر رووی زەمینە كە بەبەردەوامی هەوڵی بۆدەدەن.

هەرچەندە گەیشتن پێی زۆر ئەستەمە، بەڵام بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی مانای ئەوەنییە كەئێتر میللەتانی تری جیاواز پێكەوە لەم دەوڵەتەدا ناژین، ئەگەر لەدەوڵەتێكدا نەتەوەیەكی بە ژمارە زۆرە بە نفووز باڵادەست هەبێت ئەوا نەتەوانەكانی تر ژمارەیان هەرچەندێك بێت هەربە كەمایەتی دەناسرێن، بۆنموونە توركمانەكان لەعێراقدا لەرووی ژمارەوە بەكەمایەتی دادەنرێن، شیعەكان بەر لەساڵی (٢٠٠٣) لەعێراقدا لەگەڵ زۆری ژمارەیان دا هیچ دەستەڵاتێكیان نەبوو، دانیشتووانی رەشپێست لەباشووری ئەفریقا بێبەش بوون لەهەموو مافەكان و نەتەوەكانی بۆسناو هەرسك بەر لەسەربەخۆبوونیان هەرچەندە ژمارەیان زۆربوو بەڵام بەكەمینە دادەنران.

ئەگەر تەماشایەكی وردی نەخشەی سیاسی لەجیهاندا بكەین هەست بەوەدەكەین كە زۆر دەگمەنە دەوڵەتێك لە یەك نەتەوە پێكهاتبێت بەڵكو زۆربەی وڵاتانی جیهان لە چەند نەتەوەو تایەفەو ئایینی جیاواز پێكهاتوون، هەر لەبەر ئەمەش نزیكەی ملیارێك لە دانیشتووانی جیهان بەدەست توندوتیژی نەتەوەی وئایینی و تایەفەگەرییەوە دەناڵێنن.

روون ئاشكرایە كە رووداوەكانی دوای شەڕی دووەمی جیهان(١٩٣٩-١٩٤٥ ) كەبووە هۆی ئەوەی لە هەندێك وڵات ئیستعمار بكشێتەوە كەپێشتر داگیری كردبوون، گەلێك كێشەی ترسناكی دروستكرد كەچارەسەریان زۆر ئەستەمە وەك كشانەوەی بەریتانیا لەهەردوو وڵاتی هیند و فەلەستین هۆكاری سەرەكی ئەو نائارامی و ناسەقامگیرییە سیاسییەی كە تائێستا بەدەستییەوە دەناڵێنن، یان روونتربڵێین كاتێك كە ئیسپانیا لە باكووری ئەفریقا كشایەوە خوێناوی ترین شەڕی ناوخۆیی لەنێوان عەرەبەكان و بەربەرەكاندا روویدا، یان دوای كشانەوەی میصر و بەریتانیا لە سودان لەساڵی(١٩٥٦) گەورەترین ناكۆكی نەتەوەیی و ئایینی لەو وڵاتەدا دروست بوو .

پێشكەوتنی تەكنەلۆژی كە هەموو جیهانی گرتەوە هۆكارەكانی هاتووچۆكردن وپێوەندی كردنی ئاسانكرد، جۆرە تەواوكارییەك لەنێوانی بەرژەوەندی دەوڵەتەكاندا روویدا، سنووری نێوان وڵاتەكانیش كە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی یان ئایینی یان تائیفی دەستنیشانكرابوو بووە هۆی دروستكردنی كێشەو ناكۆكیەكان لەنێوان دەوڵەتەكاندا بەجۆرێك كە ئەمرۆ بۆتە دیارترین كێشەی نێودەوڵەتی كەئەنجومەنی نەتەوە یەكگرتووەكانی سەرقاڵكردووە چونكە سنووری نێوان ئەم دەوڵەتانە بەسەریاندا جێبەجێكرا و بەبێ ڕەزامەندی خۆیان كە بۆتە گەورەترین گرفت نموونەشمان دابەشكردنی میللەتی كورد كە تا ئەمرۆ گەورەترین كێشەیە

ئەگەر تەماشا بكەین سەدەی ڕابردوودا چەند جۆرێك لەبزووتنەوەی نەتەوایەتی جیاوازی بەخۆیەوە بینی كەگرنگترینیان ئەمانەن:

١ـ جۆرێك لەنەتەوەكان قایلن بەوشێوازەی كەئێستا تیایدا دەژین ئەمەش لەئەنجامی ئەو ماوە زۆرەی تەمەنیان كە لە ژێردەستی نەتەوە گەورەكان وخاوەن دەسەڵاتەكان بردویانەتە سەر تا ڕادەیەك بەو ژیانی ژێر دەستییە قایلن.

٢ـ جۆرێكی تر لە میللەتان هەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ گەیشتن بە مافە سەرەكیەكانی نەتەوە كەخۆی لە مافە كەلتوری و كارگێری، تەنانەت لە گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسیندا دەبینێتەوە لەو پێناوەشدا هەموو هۆكارەكان بەكاردەهێنن .

بێگومان روون ئاشكرایە كاتێك كە میللەتێكی ژێردەستە داوای مافەكانی خۆی دەكات، كاردانەوەی جیاواز لەلایەن دەوڵەتی خاوەن دەسەڵات یان روونتر بڵێین میللەتی زۆرینە دروست دەبێت دەتوانین بڵێین كاردانەوەكان لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر لە سەردەمێكەوە بۆ سەردەمێكی تر جیاوازە، بۆنموونە كاتێك دەوڵەت هەست بەئارامی دەكات ڕەوش باری سیاسی جێگیردەبێت بەشێوەیەكی زۆردڕندانە مافی میللەتانی ژێردەستە پێشێل دەكات و هەموو جۆرە ئامرازێكی زۆڵم وستەم دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان بەكاردەهێنێت، كەم جار هەبووە كە دەوڵەتی فەرمانڕەوا هەوڵی دابێت بەرێگەچارەی ئاشتییانە بەشێوەیەكی یەكجاری و بۆ تاهەتایی كێشەكان چارەسەر بكات و هەوڵی لێك تێگەیشتن وگفتوگۆ لەگەڵ بزووتنەوەی

رزگاریخوازی میللەتاندا بدات، تەنیا هەوڵی دەوڵەتە فەرمانــڕەواکان ئەوەبووە کێشــەکان بۆماوەیەکی کاتی چارەســەر بکات واتە دەوڵەتەکان دەیانەوێت ســوود لەکات وەربگرن بۆلــە ناوبردنی جووڵانەوە ئازادیخوازەکان، نموونەشمان بزاڤی رزگاریخوازی کوردســتان و بزووتنەوەی میللــی رزگاریخوازی باشووری سۆدان و بەرەی پۆلیساریۆیە لە بیابانی رۆژئاوای مەغریبی عەرەبی.

ئەگەر تەماشا بکەین دەبینین بزاڤی رزگاریخوازی کوردســتان بەچەند قۆناغێکی جیاوازی خەباتدا تێپەڕیوە لەهەر قۆناغێکدا بەجۆرێك بەشــێوازێکی تایبەتــی مامەڵە لەگــەڵ باروودۆخەکەدا کردووە ئامانج و هۆکارەکانیــش لەکاتێکەوە بۆکاتێکی تر گۆڕانکارییان بەســەرداهاتووە بۆنموونە لەهەندێك کاتــدا بۆچارەســەری کێشــەکان وتووێژ لەگەڵ حکومەتەکاندا کــراوە، دەتوانین مــاوەی دانانی دەستووری عێراقی لەساڵی (١٩٥٨) بەقۆناغێکی تایبەتی وەســف بکەیــن کەتیایــدا ددان بەوەدا نــراوە کەمیللەتی کورد و عەرەب هاوبەشــن لەم نیشتمانەدا.

لەئەنجامی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردستانی عێراقدا، دەســەڵاتدارانی بەغدا زیاتر ترســیان لێنیشــتووە و هەوڵیانداوە بەرەنگاری ئەم داخوازیانەی کــورد ببنەوە کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە پەلامارو هێرش بکەنە ســەر کوردستان تا لەئەنجامدا بووە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول لەســاڵی (١٩٦١) دا، ئەوەبوو لەســاڵی (١٩٧٠) دا بزاڤــی رزگاریخــوازی کوردســتان پێینایــە قۆناغێکی نوێــوە ئەویــش مۆرکردنی رێکەوتننامەی ئازار بوو لەنێوان سەرکردایەتی بزاڤی رزگاریخــوازی کوردســتان و حکومەتی ناوەندیدا کەبۆیەکەمجاردانیــان ناوە بەنیشــتمانێك بۆکورد ودانانی فەرمانڕەوای خۆبەخۆیی بۆکوردستان.

ئەوەی شــایەنی باســە دەتوانین بڵێن زێڕینترین قۆناغ لەمێژووی میللەتی کورددا لەدوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) وە دەستپێدەکات کاتێك کە رژێمی پێشــوو بەکە ســەربازییەکانی وئیداریەکانی لەهەرێمی کوردســتان کشــاندەوە، کەرێگەخۆش بوو بۆمیللــەت کەیەکەم پەرلەمانی کوردســتان هەڵبژێرێــت و دامەزراندنــی یەکەم حکومەتی نیشــتمانی دیموکراتی لەســەر خاکی ئازادکراوی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەم ئازادییە بەتەواوی شــوین پێی قایم بوو دوای ئازادکردنی عێراق لەســاڵی (٢٠٠٣) کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگەخۆشــکەرێك بوو بۆتاقیکردنەوەی پرۆسەی دیموکراتی عێراقدا بەتایبەتی لەناوچەکەدا بەگشتی، ئەمەســەرەڕای ئەوەی کەسەرکردایەتی سیاسی کورد توانییان رۆڵێکی بەرچاو ئەکتیڤ لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا بکەن .


بێگومان باشووری ســوودانیش دابڕاونەبووە لەو رووداوانەی کە بەسەر هەرێمی کوردستاندا هاتوون، ئەگەر کورد ســوودی لەچیا و شــاخە سەختەکان بینی بێت بۆ بەرگری کردن لەمافە نەتەوایەتیەکانی خۆی ئەوا گەلی باشــووری ســۆدانیش سوودی بینیوە لە جــۆری تۆبۆگرافیــای ناوچەکەیان و توانیویانە بەرگری لەخۆیان وکەلتوورەکەیان بکەن، ئەگەر تەماشای رۆڵی باش یان خراپی دەوڵەتانی دراوســێ و هەرێمیی بکەین لە کێشەی میللەتی کورددا ئەوا هەمان شێواز لەباشووری سۆدان دووبارە بۆتەوە .

ئەگەر میللەتی کورد لەماوەی نۆساڵی شۆڕشی ئەیلولی مەزندا لەساڵی (١٩٦١-١٩٧٠) قوربانی زۆری پێشــکەش کردبێــت ئــەوا ئەنجامەکەی رێکەوتننامەی ئــازاری (١٩٧٠) بــوو کەتوانرا دەســەڵاتی خۆبەخۆی (ئۆتۆنۆمی ) بۆکوردستان دەســتەبەر بکرێت، ئەوا بەهەمان شــێوە میللەتی باشووری سۆدان ماوەی نۆســاڵی شۆڕشەکەیاندا (١٩٦٣-١٩٧٢) توانییــان ســەرکەوتنێکی بێوێنە بەدەســتبهێنن حکومەتــی خەرگــوم ناچاربکەن بەدابینکردنی دەستەڵاتی ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری ســۆدان وبەمەش ســوودی تەواویان لەئەزموونی ئۆتۆنۆمی کوردستان وەرگرت.

خاڵێکــی تــر کــە خەبــات و چارەنووســی هەردوومیللەتی کورد و میللەتی باشووری سۆدان کۆدەکاتەوە ئەوەیە کەســاڵی (٢٠٠٥) لەدەستوری هەردوو وڵاتدا ددان بەمافە نەتەوەییەکانی هەردوو میللەت دانــرا، لەبەر ئەوەی لەدەســتوری نوێی عێراقدا باســی هەرێمێکی فیدراڵی بۆکوردستان کراوە لە دەستووری سۆدانیشدا ماوەی شەش ساڵ دانراوە بۆ ئەوەی میللەتی باشــوور راپرسی بکات بۆ سەربەخۆبوونی .

ئەوەتا میللەتی باشــووری ســۆدان چاوەڕێی (٩-کانونی دووەمــی --٢٠١١) دەکات بۆ ئەوەی مافی چارەی خۆنووسین بۆخۆیان دەستنیشان بکەن لەهەمانکاتدا لەهەرێمی کوردستان لەلایەن سەرۆك مەســعود بارزانــی یەوە لە دەســپێکی کردنەوەی کۆنگرەی ســیانزەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە(١١-١٢-٢٠١٠)دا مافی چارەی خۆنووســین بۆمیللەتی کورد راگەیەندرا.

هیواداریـن حکومەتی ســەربەخۆی کوردســتان رابگەیەنرێت چۆن لەباشــووری سۆدان حکومەتی سەربەخۆ رادەگەیەنرێت.



## دانیال شیرۆت بۆ گوڵان:

# سەربەخۆیی باشووری سودان دەبێتە پێشینەیەکی زۆرباش بۆ چەندین وڵاتی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا کە ناتوانن بە یەکگرتوویی بمێننەوە

**پرۆفیسۆر دانیاڵ شیرۆت ئوستادی دیراساتی نێودەوڵەتی و سیسۆلۆژییە لە زانکۆی واشنتۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لە کێشە و تەنگژەکانی ئەفریقا و ناوەڕاستی خۆرئاوای ئاسیا و رۆژهەڵاتی ئەورۆپا بووە، لە ساڵانی ١٩٨٢ -١٩٨٨ ئەندامی ئەنجوومەنی هاوبەشی رۆژهەڵاتی ئەورۆپا و ئەمریکا بووە و راوێژکاری رادیۆی ئەورۆپای ئازاد و سەرنووسەری گۆڤاری سیسیۆلۆژی بووە، هەربۆیە بەپێی کارەکەی پرۆفیسۆر دانیال کە راوێژکاری رادیۆی ئەورۆپای ئازاد بووە، یەکێکە لەو کەسانەی کە بەکردەیی لەپێناوی بڵاوکردنەوەی پەیامی ئازادی کاریکردووە و رادیۆی ئەورۆپای ئازاد ئەو رادیۆیە بوو کە راستەوخۆ بۆ دەوڵەتانی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ئەورۆپا پەخشدەکرا پێش رووخانی دیواری بەرلین، هەروەها لقێکی دیکەی ئەو رادیۆیە کە ناوی رادیۆی عێراقی ئازادە لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بۆ عێراق دانرا بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی عێراقی لە رێگەی ئەو رادیۆیەوە ئاگایان لە گۆڕانکارییەکانی جیهان بێت، پرۆفیسۆر شیرۆت چەند کتێبی هەیە کە دیارترینیان سەرکوتکاری مۆدێرنەیە، لەسەر دیراساتی ئەفریقیش بێجگە لەوەی لە ساڵانی ١٩٦٤- ١٩٦٦ یەکێك بووە لە سەربازانی هێزی ئاشتی پارێز لە نەیجیریا، لەسەر سودانیش چەندین دیراسات و توێژینەوەی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی ئەم ریفراندۆمە و دروستبوونی دەوڵەتێکی تازەی غەیرە عەرەبی کە لە یەکێك لەگەورەترین دەوڵەتی عەرەبی و ئەفریقی جیادەبێتەوە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر شیرۆت کرد و بەڕێزی لە ئاخاوتنێکی تایبەت بەگوڵاندا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

***

**گوڵان:** مافی دەستنیشانکردنی چارەنووس بۆ هاووڵاتیانی باشووری سودان یەکێکە لە پرسە گەرمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا لەساڵی ٢٠١١، ئایا بایەخی ئەم کێشەیە چۆن دەخوێنیتەوە؟

**دانیال شیرۆت:** ئەمە وەکو «سابیقەیەك» شتێکی هەر زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی چەند وڵاتێك لە ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی

ناوەڕاست هەیە کە لەتواناياندا نییە وەکو وڵاتێکی یەکگرتوو کاربکەن. وڵاتانی جیهان لە سەردەمەکانی «کۆلۆنیالیزم»دا پێکەوە لێکدران بە پشتگوێخستنی لایەنە جیاوازەکان لەڕووەکانی ئایینی و ئیتنییەتی نیشتەجێبووەکانی چوارچێوەی سنوورەکان. هەموو وڵاتەکان کەمینەیان تێدا هەیە، هەربۆیە مەحاڵە وڵاتێکی هۆمۆجینی (یەك نەژاد) پێکبهێنرێت، بەڵام سنوور هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە دەتوانن بە یەکگرتوویی بمێننەوە بە ئاشتییانە و لەچوارچێوەی یەك دەوڵەت. وێڕای ئەوەش، کێشەی سودان تەنیا ناتمانەیی نییە لەنێوان باکوور و باشوور کە لەکۆندا هەبووە (کاتێك کە عەرەبەکانی باکوور بەشێوەیەکی بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر باشوور و کۆیلەیان دەرفاند)، بەڵکو تەنانەت پاش سەربەخۆییش، دەستەبژێری سیاسیی

**کێشەی سودان تەنیا ناتمانەیی کۆنی نێوان باکوور و باشوور نییە، بەڵکو پاش سەربەخۆییش، دەستەبژێری سیاسیی باکوور بەشێوەیەکی زۆر خراپ حوکمڕانیی باشووریان دەکرد**

باکوور بەشێوەیەکی زۆر خراپ حوکمڕانیی باشووریان دەکرد. دەوڵەت خزمەتگوزاری و یان پەرەپێدان و وەبەرهێنانی بۆ باشوور دابین نەدەکرد، بۆئەوەی باشوورییەکان زیاتر فەرامۆشبکرێن و زیاتر دوابکەون. هەربۆیە، لەم جۆرە حاڵەتانەدا، یان لە جۆرە حاڵەتێك وەکو کۆماری دیموکراتی «کۆنگۆ»دا، ئەگەر بێت و وڵاتەکە دابەش بێت، ئەوە بۆ هەموو لایەنێك باش دەبێت. لە دەرئەنجامدا، کەس لەو بڕوایەدا نەبێت کە دروستبوونی «باشووری سودان»ێکی ئاکتیف کارێکی ئاسانە، لەبەرئەوەی تەنانەت لە «باشووری سودان»یش ناکۆکیی ئیتنیی بەرچاو هەیە و ئەگەرێکی بەهێز هەیە کە حکومەتەکەی حکومەتێکی گەندەڵی لێ دەردەچێت و بەپێی پێویست ئاکتیف و کارا نابێت، هەربۆیە پێشبینی دەکرێت کێشە و گرفتی بەردەوامی هەبێت.

**گولان:** لە هەفتەی یەکەمی ساڵی ٢٠١١دا سەرۆك «عومەر بەشیر» وتارێکی ئاڕاستەی «جۆبا»ی پایتەختی باشووری سودان کرد، سەرۆك «بەشیر» ئاماژەی بەوەدا کە حکومەتی سودانی ڕێز بۆ ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە دەنوێنێت تەنانەت گەر هەرچیش بێت. ئایا تۆ وتارەکەی چۆن دەخوێنیتەوە؟ ئایا ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە پەسەند دەکات؟ هەروەها هۆکار و فاکتەرەکان چین کە وایکردووە «بەشیر» ئەو بۆچوونەی هەبێت و ڕێز بۆ ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە بنوێنێت؟

**دانیال شیرۆت:** پێموایە سەرۆکی «سودان» هیچ ڕێگەچارەیەکی تری نییە، لەبەرئەوەی کۆنترۆڵکردنی باشوور پێویستیی بە ئەرکێکی سەربازیی بەهێز هەیە، کە دەبێتە هۆی بەرپابوونی جەنگێکی درێژخایەن و ملیۆنەها قوربانیی لێ دەکەوێتەوە لەگەڵ بڕە تێچوونێکی زۆری پارە، بێگومان ئەوە هەمیشە هەنگاوێکی پۆزەتیڤە. ئەوەی کە دەمێنێت تەنیا ناوچە سنوورییەکانە کە دەوڵەمەندە بە نەوت و کە هەردووك لە لایەنەکان، باکوور و باشوور، هەوڵ دەدەن دەسەڵاتیان لەسەری بسەپێنن. پێشبینی دەکرێت لەسەر ئەو ناوچانە ناکۆکی و ململانێیەکی گەورە سەرهەڵبدات.

**گولان:** بەڵام بۆچی سەرۆك «بەشیر» لەو بڕوایەدایە کە جیابوونەوەی باشووری سودان کاریگەریی نابێت لەسەر یەکپارچەیی «سودان»؟ تەنانەت پاش بوونی باشووری سودان وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەردووك لایەن لە باشووری سودان و سودان پەیوەندیی باشتریان دەبێت لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە. بەڵام لەلایەکی ترەوە، بۆچی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بەشێوەیەکی گشتی بەردەوامن لە چەوساندنەوەی نەتەوەکانیان بەو بیانوویەی کە یەکپارچەیی وڵاتەکانیان دەپارێزن؟

**دانیال شیرۆت:** پێویستە ئەوە لەیاد نەکەین کە بۆماوەی دەیان ساڵ باکوور هەوڵی دەدا ڕێگە نەدات بە باشوور جیاببێتەوە، ژمارەی خەمڵێندراو بۆ کوژراوەکانی شەڕەکان نزیکەی ٢ ملیۆنە. هەربۆیە، ناکرێ بڵێین کە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی ئاسان بووە. تەنانەت ئەمڕۆش، ناکرێ بەو شێوەیە بیربکەینەوە کە هەر یەك لە باکوور یان باشوور خاوەن حوکمڕانییەکی ئاسان دەبن. لەهەردووك لە ناوچەکاندا ناکۆکی و گەندەڵی و پێکدادان و نارەزایی گەورە هەیە لەڕووەکانی ئیتنی و هەرێمی. تەنیا وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی نییە کە نایانەوێت سازشکردن لە ناوچەکانیان بکەن. ٦٠ساڵ بەر لەئێستا و پاش وەدیهێنانی سەربەخۆیی، «میانمار – بورما» جەنگی ئیتنی و ناوخۆیی هەبووە و هەر ناڕازییە ناوچەکانی لەدەست بدات. ئەوەشتان لەیادبێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەنگێکی ناوخۆیی سەخت و خوێناویی هەبوو کاتێك کە باشوور هەوڵی جیابوونەوەیدا. ئەوە خوێناویترین جەنگ بوو لە مێژووی ئەمریکا، کە ژمارەی قوربانیانی لەهەر جەنگێکی تری


**خوێناویترین جەنگەکان لە مێژووی ئەورووپای پێش سەدەی بیستەهەم جەنگەکانی نێوان «پرۆتستانت» و «کاتۆلیك»ەکان بووە**

ئەمریکا زیاتر بوو. هەروەها پاش خوێن ڕشتنێکی زۆر ئینگلیزەکان دەستیان لە زۆربەی ناوچەکانی «ئێرلەندا» هەڵگرت. «ڕوسیا» ڕازی نییە دەست لە چەند بەشێکی «قەوقاز» هەڵگرێت، کە ئەوان موسڵمانن، تەنانەت لە سەردەمەکانی یەکێتی سۆڤێت-یشدا ڕێگەی بە دەوڵەتەکان نەدا جیاببنەوە. بەڵام «ڤلادیمێر پۆتین» دەڵێت کە ئەوە گەورەترین تراژیدیای سیاسییە لە سەدەی بیستەهەم و ئەوەشی ڕوونکردەوە و وتی کە ئەگەر بهاتبا و ئەو لەو سەردەمەدا سەرۆك بوایە، ئەوە هەرگیز ڕێگەی نەدەدا بە ڕوودانی ئەو شتە. وڵاتی «چین» دەست لە «تیبیت» هەڵناگرێت. چەندین کەیسی تر هەیە. هەربۆیە، ناکرێ بڵێین کە ئەمە تەنیا کێشەی عەرەبە یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ژمارەیەکی کەم لە

هەڵدەگرن لە ناوچە و سەرچاوەکان.

**گوڵان:** بەڵام ئەگەر ریفراندۆمەکەی باشووری سودان کێشەی سودان-ی چارەسەرکرد، ئایا بەڕای تۆ تاچەند دەبێتە مایەی چارەسەرکردنی کێشەی «پۆلیساریۆ» و «بیابانی رۆژئاوا» و «فەڵەستین» و پرسی «کورد» لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟


**دانیال شیرۆت:** لەو بڕوایەدانیم کە ئەو شتەی کە لە «باشووری سودان» ڕوودەدات هیچ پێوەندییەکی هەبێت لەگەڵ ئەو ٣ کەیسەی کە ئاماژەتان پێدا. «پۆلیساریۆ» بزووتنەوەیەکی زۆر بچووکە و هیچ ئومێدێکی نییە بۆ سەرکەوتن، تاکو ئەمرۆش تەنیا بەهۆی پشتگیریی «جەزائیر» بەردەوامە. هەرچەندە ئەو شتەش دروستە کە دانیشتووە نەژادەکانی ئەو ناوچەیە نارەزان لە دەسەڵاتی «مەغریبی»، ئەوانیش دەرفەتێکی لاوازیان هەیە بۆ سەرکەوتن، «مەغریب»یش بەو ئاسانییە کۆڵ نادات لەبەرئەوەی دەبێتە مایەی لاوازکردنی شەرعییەتی حکومەت و لەئاکامیشدا هەڕەشە دەخاتە سەر سیستەمی شاهانەی وڵاتی «مەغریب». ئەمە حاڵەتێکە کە تیایدا بۆ «پۆلیساریۆ» واباشترە بگاتە رێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی «مەغریب» و بۆ حکومەتی «جەزائیر»یش واباشترە وازبێنێت لە پاڵپشتیکردنی ئەم بزووتنەوەیە. کێشەی «فەڵەستین» زۆر جیاوازە. هەروەک ئاشکرایە دەبوایە «فەڵەستین»ییەکان خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان هەبوایە. پێموایە زۆربەی زۆرینەی فەڵەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان رازین، بەڵام کەمینە توندڕەوەکانی هەردوو لایەن نارازین لەگەڵ سازشکردن و هەموو شتێکیان دەوێت. «جوو»ە توندڕەوەکان دیانەوێ دەست بەسەر زۆربەی بەشەکانی «کەناری رۆژئاوا» دابگرن بەشێوەیەک کە درووستبوونی دەوڵەتی «فەڵەستین»ی مەحاڵ بێت، توندڕەوە «فەڵەستینییەکان»یش هێشتا هەر دیانەوێ «ئیسرائیل» لەناوبەرن، یان لاوازی بکەن لەڕێگەی گەڕاندنەوەی پەنابەرە فەڵەستینییەکان بۆ ئیسرائیل بۆئەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل نەتوانێت




بەشێوەیەکی کارا کاربکات. هەروەک دیارە کە توندڕەوەکانی هەردوو لایەن رێگە نادەن کێشەکان یەکلابکرێتەوە، هەربۆیەش، ئەم ناکۆکییە بۆ ماوەیەکی زۆر زۆر درێژ بەردەوام دەبێت. هەروەک کە هەموومان باش دەیزانین، کێشەی کورد-یش زۆر جیاوازە، هەروەها جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان بەشە جیاوازەکانی ناوچەکە. بارودۆخی

**سەربەخۆیی باشووری سودان کارێکی ئاسان نییە، دەیان ساڵ باکوور رێگەی نەدەدا باشوور جیاببێتەوە و لەم پێناوەشدا زیاتر لە ٣ ملیۆن کەس بوونە قوربانی**


ئێران جیاوازە لە بارودۆخەکانی عێراق، هاوکات بارودۆخەکانی ئەو وڵاتانەش جیاوازە لەگەڵ بارودۆخەکانی تورکیا. بارودۆخی سووریا-ش جیاوازە. بۆم نییە پێتان بڵێم چی بکرێت، هاوکات لەمیانی مانەوەم لە تورکیا دەتوانم بڵێم کە ئەگەرێك هەیە جۆرە رێککەوتنێك لەنێوان کوردەکانی تورکیا و حکومەتی تورکی ئەنجام بدرێت بەشێوەیەك کە یەکپارچەیی تورکیا بپارێزرێت. هەڵبەتە سەبارەت بە ئێوەیش مەسەلەکە پەیوەستە بە خۆتان بۆئەوەی بڕیاربدەن و بزانن چی باشترین چارەسەرە






بۆ کوردەکانی عێراق.

**گوڵان:** بەڵام وێڕای ئەم ریفراندۆمە، دەبینین پیاوانی ئایینی، بۆ نموونە «یوسف قەرەزاوی»، ئەم پیاوە ئایینیانە لەدژی ریفراندۆمەکە وەستاون و داوا لە موسڵمانەکانی باشووری سودان دەکەن بایکۆتی ریفراندۆمەکە بکەن. بەڕای تۆ ئایا فەتوای پیاوانی ئایینی تاچەند کاریگەرە لە خولقاندنی گرژی لەنێوان موسڵمانان و کرستیانەکان؟

**دانیال شیرۆت:** هەموو سەرکردە ئایینیە توندڕەوەکان کە ئەو باوەڕەیان هەیە کە ئەوان تاکە کەسن کە مافیان هەیە بۆ دەسەڵات سەپاندن لەسەر دەوڵەتێك و کە خۆیان بە نوێنەری شەرعی خودا دادەنێن، ئەو جۆرە کەسانە زۆر مەترسیدارن. ئەوانە هەمیشە هاندەرن بۆ توندوتیژی. ئەم شتەش هەیە لە توندڕەوەکانی جووەکان و کرستیانەکان و موسڵمانەکان و بودییەکان (لە وڵاتی «سریلانکا»)، یان هندۆسەکان (لە وڵاتی «هیندستان»). هەروەها ئەم شتە دەبینرێت لە موسڵمانە توندڕەوەکانی سوننە و شیعە-ش. با لەبیری نەکەین کە خوێناویترین جەنگەکان لە مێژووی ئەوروپادا پێش سەدەی بیستەهەم (کە تەنانەت لە جەنگە جیهانییەکانی یەکەم و دووەم زۆر سەختتر بوو)، جەنگەکانی نێوان «پرۆتستانت» و «کاتۆلیك»ەکان بوو لە سەدەکانی ١٦ـەهەم و ١٧ـەهەم. هەربۆیە، ئەم کێشەیە تەنیا کێشەی قەتیسکراوی نێوان موسڵمانەکان و کرستیانەکان نییە.




دەتوانن سەیرێکی توندڕەوی ئایینی بکەن لە «پاکستان» لەنێوان «سوننە» و «شیعە»، یان لە «تایلەندا» لەنێوان موسـوڵمانەکان و بوودییەکان، یان باشووری «ئێرلەندا» لەنێوان پرۆتستانت و کاتۆلیکەکان، لەئاکامدا هەر هەمان دیاردە دەبینن. هەر گرووپێك کە لە «لاهوت»ـەکەیدا بەکارهێنانی توندوتیژی بە ڕەوا بزانێت لەدژی گرووپەکانی تر، ئەوە ئەو گرووپە زۆر ترسناکە.

**هەر وڵاتێکی باشووری هەوڵ بدات هەندێك لە سەرچاوە ئاوییەکانی «میسر» ببڕێت، ئەوکات ئەگەرێکی بەهێز هەیە لە سەرهەڵدانی جەنگێکی هەرێمی**

**گـوڵان:** هەسـت دەکەیـن لـە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بەتایبەتـی لە «میسـر» و «عێراق»، هێرشەکانی دژ بە کرستیانەکان ڕووی لە زیادبوون کردووە. ئێستاش لەبەرئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی باشووری سـودان کرستیانن، بەڕای تۆ تا چەند ئەم ریفراندۆمەی باشـووری سودان دەبێتە هۆی زیادبوونی هێرشـەکان لەدژی کرستیانەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

**دانیال شـیرۆت:** بەڕای من ئەو شتانەی کە لـە سـودان ڕوودەدات کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بەشەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت نابێت. ماوەیەکە گرژی نێوان جـۆرە جیاوازەکانی موسـڵمانەکان و نێوان موسـڵمانەکان و کرسـتیانەکان و نێـوان گرووپە ئیتنییە جیاوازەکان ڕووی لە خراپتر کـردووە، هەربۆیە، تەنانەت گەر هەرچیش لە سـودان ڕوودەدات، ئەوە بەهیچ شێوەیەك ئەم واقیعە ناگۆڕێت. پێکدادان و ناکۆکی نێـوان جـووە ئیسـرائیلییەکان و عەرەبە فەڵەسـتینییەکان شتێکی نوێ نییە، بەڵام ئـەم ناکۆکییە چەند زیاتر بـەردەوام بێت، ئەوەندە زیاتر کاریگەریی لەسەر ناوچەکەدا دەبێت. لەلایەکی ترەوە، بێگومان کێشەی «لوبنان»یـش هەیە کـە تیایدا ناکۆکیی ئیتنـی و ئایینی هەیە، وێڕای کێشـەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سـووریا و ئیسـرائیل. ئەم هەموو شتانە وایان کردووە ناوچەکە بۆتە کێڵگـەی مین و ئەگەری تەقینەوەی هەیە لەهەر ساتێکدا. هەربۆیە، تەنانـەت گـەر بارودۆخەکانی سـودان بەشـێوەیەکی باش و ڕەها-ش بەڕێوەبچێت، بەڵام زۆر زەحمەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت ببێتە ناوچەیەکی ئارام.

**گوڵان:** دوایرسیار: ئایا تا چەند پێکهێنانی حکومەتی باشووری سودان دەبێتە کێشەیەك بـۆ وڵاتانی ڕووباری «نیـل»؟ هەروەها لەهەمان کاتیشـدا، ئایا وڵاتانی ڕووباری «نیـل» تاچەند بۆ ئەوانیش دەبنە مایەی کێشە و گرفت؟

**دانیال شـیرۆت:** کێشەی ڕووباری «نیل» زۆر لەمە گەورەتـرە. وڵاتەکانی تر جگە لە سـودان ئەوانیش دەیانەوێ ئاوی زیاتر لـە ڕووباری «نیل» وەرگـرن. هەربۆیە، ئەمە کێشـەیەکی هەرێمی زۆر گەورەیە و پەیوەسـتە بە «ئۆغەندا» و «ئەسیوبیا» و چەندین وڵاتی تر. میسـر بەبێ ئاوی «نیل» ناژیەت، هەربۆیە، هەر هەڕەشەیەك لەسـەر سـەرچاوەی ئاوەکـەی دەبێتـە گەورەترین کێشـەی ئاسـایش بۆ میسر.

**ئەگەر بارودۆخی سودان بەشێوەیەکی باش و ڕەهاش بەڕێوەبچێت، زۆر زەحمەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە ناوچەیەکی ئارام**

پێویستە ئەم مەسەلەیە چارەسەربکرێت بە وریاییەکـی زۆرەوە لەڕێگەی گفتوگۆ و وتوویژ لەنێوان وڵاتە پەیوەندارەکان. باشووری سـودان ناوچەیەکی دەوڵەمەنـدە بە ئاو، هەرچەند زیاتر بـەرەو باکوور بڕۆین جگە لە ئـاوی «نیل» هیچ سـەرچاوەیەکی ئاوی تری نییە و سـامانی ئاوی کەمتر دەبێت. بـەڵام ئەگەر بێت و هەر وڵاتێکی باشووری هەوڵ بدات هەندێك لە سەرچاوە ئاوییەکانی «میسـر» ببڕێـت، ئەوکات ئەگەرێکـی بەهێز هەیە لە سـەرهەڵدانی جەنگێکی هەرێمی.

## چەند بیرۆکەیەک سەبارەت بە تەنگژەی بەڕێوەبردنی حوکم لە عێراقدا:

# بەرەو پایەدارکردنی دامەزراوەکان و بە دامەزراوەیی بوونی پلەو پایەکان



عامرحەسەن فەیاز
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

ئێمـــە لـــە کوێداین ؟ ئێمە لـــە لایەکەوە لە نێـــوان مێژوویەکی ماوەتگـــری ناهەمواری تژی بە دیکتاتۆریەت و ســـتەمگەرایی و هاوکات لەبەردەم داهاتوییەکی نادیار و زەحمەتداین..

ئەویش داهاتووی دروستکردنی دیموکراتیەتە، لە لایەکی تریشەوە لە بەردەم رابردوییەکی نەویستراوو خراپ و داهاتوویەکداین بۆ عێراق کە زەحمەتە وا بە ئاســـانی لە ناو ئەم هەموو تەنگژەیەدا ئاواتەکانی نیشتمانێك وەدی بێت.

ئەمـــڕۆش لە دوای تێپەڕاندنی میحنەتـــی ناکۆکیەکانی لایەنە لێکجیـــاوازەکان کە خەریك بوو پرۆســـەی سیاســـی بـــەرەو هەڵدێر ببەن، لـــەدوای پەڕینەوەیان لە بازنـــەی ناکۆکییەکانەوە بۆ بازنەی جیاوازییەکان کە قابیل بە چارەســـەرن، ئێســـتا پێویستە چییەتی و هۆکاری تەنگژەکان دەستنیشـــان بکرێن و چـــارەی گونجاویان بۆ دابنرێت.

**یەکەم: دەستنیشـــان کردنـــی تەنگژەکان:** تەنگژەکـــە بریتیە لە خوێنبەربوونێکی سیاسی نیشتمانێك کە تووشی نەخۆشی هێشوویی فرە رەهەندی سیاســـی و ئاساییشـــی و ئابـــووری و کۆمەڵایەتی و کەلتـــووری بووەتەوەو دوایەمینیان نەخۆشـــی لێنەوەشـــاوەیی و خاووبوونەوەو کورتبینی و شکست خواردنە لە دامەزرانەوەی کارگێڕیی و بەڕێوەبردنـــی دامەزراوەکانی ســـێ پۆســـتەکەی ســـەرۆکایەتی لەوانە ( ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران، سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران)

لە چوارچێوەی هۆکارە دیارەکانیش و دیارکردنیاندا پێویست ناکات بۆ هەر گرفتێك بەهانە بۆ بوونی گرفتی تر بدۆزینەوە بە نموونەش وەك ئەم شێوە بەهانە دۆزینەوانە:

- ئامادەگی و دەســـتتێوەردانی بێگانـــە لە کاروباری عێراقدا لە لایەن سوپای بێگانە ـو دەستێوەردانی هەرێمایەتی...تاد
- نەبوونی تەشریعات و جێبەجێ نەکردنی تەعدیلاتی دەستووری بە پێی ماددەی ١٤٢ دەستوور..
- جێبەجێنەکردنی پێداویســـتیەکانی مادەی ١٤٠ی دەستووریی تایبەت بە کەرکوك و ناوچەکانی جێی ناکۆکی..
- دانەنرانی یاسایەکی تایبەت بە رێکخستنی کۆمەڵەو رێکخراو و حزبـــەکان و چۆنیەتی ئینتیماکردن بۆیـــان بەپێی ماددەی ٣٩ لە دەستووردا.
- تەواونەکردنی رێکخستنی ئازادی کۆبوونەوەو و خۆپیشاندانی ئاشتیانە بە پێی مادەی ٣٨ی دەستوور.
- تەواونەبوونی باڵی راستی دەسەڵاتی یاسادانان بە پێی مادەی ٦٥ی دەستوور.
- نەبوونـــی پێڕەووپڕۆگرامی ناوخۆ بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران بە پێی مادەی ٨٥ی دەستوور.
- رێکنەخســـتن و پێکنەهێنانی دادگای باڵای فیدراڵی بە پێی ماددەی ٩٢ی دەستوور.
- رێکنەخستن و پێکنەهێنانیکۆمکاری باڵای مافەکانی مرۆڤ بە پێی ماددەی ١٠٢ ی دەستوور.
- رێکنەخســـتن و پێکنەهێنانی ئەنجوومەنی گشتی خزمەت لە حکومەتی فیدراڵی بە پێی ماددەی ١٠٧ی دەستوور.

ئەم بەرهەمانـــە نایەنە دی تا خوێنبەربوونـــی کەمتەرخەمی و پشـــتگوێیی و تەمەڵێتی لە چارەسەرکردنی تەنگژەی دامەزراندنی ســـەرکردایەتی بۆ هەر ســـێ دامەزراوە سیاســـییە ســـەروەرییەکان نەوەستێنرێت.

یەکەمین هەنگاو بۆ چارەسەریش دۆزینەوەو دیاری کردنی هۆکارە راستەوخۆو راستەقینەکانی تەنگژەکەیە کە لەمانەدا خۆ دەبیننەوە:

أ ـ سروشـــتی پێوەندی لە نێوان سەرکردەکانی پرۆسەی سیاسیدا سروشـــتێکی زۆرانبازیانەی هەیە نەك کێبەرکێیانە لە کاتێکدا ئەوان هەموویان بێ ئاوارتە ( بدون اســـتثناء ) ســـەرکردەی فراکسیۆن و لیستی گەورەن بۆ پرۆژەی هاوبەشی نیشتمانی..

ب ـ خراپ تێگەیشـــتن و خـــراپ بەکارهێنانی میکانیزمەکانی دانوستانی نێوان سەرکردەکانی پرۆسەی سیاسی، وادەزانن دانوستاندن بە واتای شت فەرزکردنی ئاڵوگۆڕدێت ( نەك خستنەرووی ئاڵوگۆڕ ) ی داواکاری و مەرجەکانی نێوانیان.

کە دواجار دانوستانەکە بێ ئەنجام دەکات و چارەسەری هاوسەنگ و رەواو یەکلاکەرەوەی لێ ناکەوێتـــەوەو لە ئاکامدا لەبری جیاوازی و نەرمـــی نواندن و هەوڵدان بۆ هاوســـەنگین کردنـــی بابەتەکان لە بەرژەوەندی گشـــتیدا، دەبێتە هۆی ناکۆکی و کەللەڕەقی و هەوڵدان بۆ پاکتاوکردنی یەکتر.

ج ـ خراپ تێگەیشـــتن و نەزانینی خاڵـــە هاوبەش و جیاوازەکان لەنێوان هاوبەشـــی کردن لە پرۆسەی سیاســـی و هاوبەشیکردن لە حکومەتتـــدا هەندێ لە ســـەرکردەکان وا دەزانن گەر لە حکومەتتدا بەشـــداری نەکەن ئیتر پێویســـتە بکەونە هەڕەشەکاری بۆ بەشداری نەکردن لە پرۆســـە سیاســـیەکەدا ، ئەمەش واتای ناهوشـــیاری و کاڵفامی دەگەیەنێت لە دنیای سیاسەت..

لە راســـتیدا هەمووان لە پرۆسەی سیاسیدا هاوبەشن چ بەوانەی لە ناو پرۆســـەی حکومەتتدان یان بەوانەی لە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئارام و ئاشتیانەدان چ لە ناو پەرلەمان یان لە دەرەوەیدا بەڵام بە هەڵە وادەزانن گەر کەوتنە دەرەوەی حکومـــەت ئیتر کەوتوونەتە دەرەوەی پرۆسەی سیاســـی، ئەمەش نەبوون و ناشـــارەزایی ئۆپۆزسیۆنە بە بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسی و نەشـــارەزابوونیانە لە کەلتووری بە ئۆپۆزسیۆن بوون و مومارەسەکردنی کارەکانی ئۆپۆزسیۆنگەریی..

د ـ نوشوســـتی هێنان لە مامەڵەکردن بە مادده دەستوورییەکانی (٥٥، ٧٠، ٧٦) کە نەخشـــەی رێگای دەســـتوور دیاری دەکات بۆ چارەسەری تەنگژەکان.

ئەمەش ئاماژەیەکی مەترســـیدارە بە مەترســـی پێشـــێلکردنی دەستوورو بەهانەدانە بۆ مانگرتن و تووڕەبوونی جەماوەری و سکاڵا بەرزکردنەوە لە لایەن سەدان دەزگاو رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەســـایەتی نیشتمانی و دیموکراتی بۆ بەرگریکردن و پارێزگاری کردن لە دەستوور لەو بەزاندنانەی کەبە شایەتی بەتەمەنترین سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دەدرێت لە دانیشـــتنێکی کراوەی ئەنجومەنی نوێی نوێنەرانی عێراقی..

٣ ـ لایەنی بەرپرس لە تەنگژەکە: بەر لە راگەیاندن و مۆرکردنی ئەنجامەکانی هەڵبـــژاردن ئاماژە بە کەلێنێکی دەســـتووری لە ناو یاســـای هەڵبژاردن درا ئەویـــش ئەو وادە زەمەنیە بـــوو کە لەنێوان راگەیاندنی ئەنجامەکان و متمانەبەخشین بەو ئەنجامانە هاتە ئاراوە بەهۆی غیابی رێکخستن و دیاری کردنی وادەکە لە رووی یاساییەوە کە مانگ و نیوێکی خایاند..

بەرپرســـیارێتی لـــە تەنگژەکـــەدا دوای متمانەبەخشـــین بـــە ئەنجامەکانـــی هەڵبـــژاردن لەلایـــەن ئەنجومەنـــە دادوەرییەکانی تێهەڵچوونەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوەیە،

بەرپرسیارێتی یەکەمیش دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی چوار لیستە براوەکە، تا دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران، لە دوای دانیشتنەکە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی دەزگای پەرلەمان بە هەموو ئەندامانیەوە لەم رووەوە هاوشان دەبن بە سەرکردەکانی چوار لیستەکە چونکە دانیشتنی کراوەکەیان لە دانیشتنی (چاوەڕوانییەوە) نەگۆڕدراوە بۆ دانیشتنی (کارکردن ) ی کراوە

**دووەم: چارەسەر( دەسپێشخەری نیشتمانی بۆ چارەسەری تەنگژەکە)**

لە دوای ماراسۆنێکی درێژی پڕ لە دانوستان و راوێژکاری و سەردان و یەکتر بەسەرکردنەوە لە لایەن سەرکردەکانی لیست و فراکسیۆنەکان و میانگیری کردنی ناوخۆو هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ماوەی زیاتر لە ساڵێکدا گوێمان بە هەواڵی هەمە چەشنەی چارەدۆزینەوە راهات لەوەنەش:

ـ دەستپێشخەری بۆ دابەشکردنی زەمەنیانەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران لە نێوان هەردوو سەرکردە ( مالکی و عەلاوی ) وماوەی دووساڵ بۆ هەریەکەیان.

ـ دەستپێشخەری بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆك کۆماردا.

ـ ـ دەستپێشخەری بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وجێگرەکانی و وەزیرەکانی وەزاراتە سیادییەکان و ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیران لە چوارچێوەی یاسایەکدا کە ئەم دابەشبوونە رێك بخات وپابەندی بکات بە رێکخستنەوەی کارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە بە پێی پرۆگرامی ناوخۆی ئەنجومەن کە لە مادەی ٨٥ی دەستووردا دانراوە

ـ دەستپێشخەرییەك بۆ گرێبەستێکی یاسایی لە نێوان لیستی عراقیەو لیستی دەوڵەتی قانوندا بۆ دامەزرنی کوتلەیەکی نیابی زۆرینە و کە پاڵێوراوێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران هەڵبژێرن و دواتر بە پێی مەودایەکی زەمەنی یەکسان دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن لە نێوان ئەو دوو لیستە براوەیەدا. تاد

ـ دەسپێشخەرییەك بۆ هاوپەیمانێتی لە نێوان هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو هاوبەندی نیشتمانی لە پێناوی دامەزراندنی کوتلەیەکی نیابیی کە پاڵێوراوێك بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران هەڵبژێرن و دواتر بە پێی مەودایەکی زەمەنی یەکسان دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن.

هەرکەس و لایەنێك لە پشت ئەو دەسپێشخەرییانەوەبن مەرجەکانی هەر دەسپێشخەرییەك بەپێی چەند خەسڵەتێك سەرکەوتن وەدەست دێنن:

١ـ پێویستە ناوەڕۆکەکەی و شوێنی راگەیاندنەکەی عێراقیانە داڕێژرابێت و لە لایەنی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەوە پەسەند بێت بەمەرجێك گەر بۆنی دەستێوەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لێ بکرێت بە هەند وەرناگیرێت..

٢ـ هاودژنەبێت بە ویستی عیراقیەکان و لە لایەن هەموو لیستە هاوبەشەکانەوە بە براوەو نەبراوەوە رەزامەندی لەسەر بدرێت

٣ـ لە چوارچێوەی رەوەنیەکانی ( سیاقات ) دەستوور دەرنەچێت بە تایبەتی لەو مادانەی (٥٥ و٧٠ و٧٦ )کە سێ دامەزراوە سیادییەکان رێکدەخەن

٤ـ بە دامودەزگایی کراو بێت، گەر لە دەرەوەی قوبەی پەرلەمانیش بێت لە ئەنجامدا پێویستە زانراوو شەفاف و قەناعەتهێن بێت بە لای هاووڵاتیانەوە، ئەم خەسڵەتانەش وەدینایەن گەر لە دەرەوەی پزدانی سروشتی ئەنجوومەنەکانەوە بن..

بەپێی ئەو خاڵانەی سەرەوە وادەردەکەوێت بەرپرسیارێتی و کەمتەرخەمی لە چارەسەرکردنی تەنگژەکەدا وەئەستۆی ئەنجومەنی نوێنەران دەکەوێت کە بۆ خۆیان دانیشتبون و چاوەڕێی ئەنجامی رێکەوتنەکانی سەرکردایەتی کوتلەکانیان دەکرد بێ ئەوەی ئاگاداری ئەرکەکانی خۆیان بن کە لە کاردا دەردەکەوێت نەك لە چاوەڕوانی دانیشتنی کراوەی چاوەڕوانکراو..

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەو دەسپێشخەرییە نیشتمانییە چۆن بەدیدێت؟

گرێیەکە لە تەنگژەیەکی فرە رەهەندیدایە لە ناو سێ پۆستە سیاسیە سەروەرییەکەدا ( سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران، سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ) بۆیە پێویستی بە رێکەوتنی نێوان لیستە براوەکان هەیە گەر ئەم گرێ سێ رەهەندییە چارەسەر نەکرێت ئەوا مانگرتنی جەماوەری و توڕەبوونی خەڵکی لە هات و هاوارەوە دەبێتە مانگرتن لەسەر کارەکان، پێویستە لەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی نوێی نوێنەران ئازایانە لەناو ئەنجومەندا بە ڕۆڵی خۆیان هەستن و لە پێناوی بەستنی دانیشتنی سێیەمین و کۆتایی پاشبەند بە یەکەمین دانیشتنی کراوەوە و هەرلیستێك لە چوار لیستە براوەکە پاڵێوراوی خۆی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران دیاری بکات و ماف بداتە لیستەکانی تریش تا ئەوانیش لەناو یان لە دەرەوەی چوار لیستە براوەکەوە پاڵێوراو دیاری بکەن و دواتر بخرێتە بەر دەنگدان لەسەر پێنج پاڵێوراو یان کەمتر تا ڕادەی بڕیارلەسەردراوی دەستووری بۆ بردنەوە دیاری بکرێت بە پێی (٥١٪ی دەنگەکان لە مادەی ٥٥ی دەستوور )

پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێ دەبەخشرێت و دووەمیش جێگری دەبێت و سێیەمیش دووەم جێگری سەرۆك دەبێت. بەم شێوەیە دانیشتنی یەکەم بە کۆتا دێت..

بە نیسبەت وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار هەمان رەوەنی (سیاق ) بەکار دێت لە دانیشتنی دووەمدا بە وەرگرتنی سێ بەشی دەنگەکان.

بەڵام بە نیسبەت پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هاوشێوە دەکرێت ولە لایەن سەرۆك کۆماری نوێ رادەسپێردرێت بۆ راگەیاندنی کابین وەزارییەکان..

نەخشەی کاری هەڵبژاردنی سێ سەرۆکایەتیەکە نەخشەیەکی نیشتمانیە بۆ رێزگرتن لە ویستی دەنگدەران و رێزلێگرتنی دەستووررو تەوقیتاتە زەمەنیەکانێتی هەروەها رێزنانە لە دامەزاوەیی دەزگاکان لە کۆبینێکی دیموکراتیی دوور لە زەوتکاری شەخسیانەو فرۆفێڵی لابەلا و موحاسەسەی بێزراو هێنان و بردنی بێسوود..

**کۆتایی:**

ئەوەی باسم کردن پێویستە رووی بدایە بەڵام چی روویدا لەم بارەیەوە؟

ئەوەی ئێستا پێکهاتووە گەیشتنی جەمسەرە گەورەکانە بە رێکەوتنێك کە لە دەسپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی هاتۆتەدی چ لە بەغدا یان لە هەولێرەوە. بەپێی ئەوە لایەنەکان لە ناکۆکیەکانەوە پەڕیونەتەوە بۆ کەناری جیاوازییەکان کە قابیل بە لەیەکگەیشتن و بەیەك گەیشتنن

ئەم رێکەوتنەش بەپێی سیاقاتی دەستووری دیاریکراو جێبەجێکرا چ بۆ هەڵبژاردنی هەر سێ پۆستە سەرەکییەکە و جێگرەکانیش تا ئەو رادەی دەسپێشخەرییەکە بە ئیمتیازەوە هەڵگری سیمای نیشتمانپەروەری بوو، هاوکات لەگەڵ سیاقاتی دەستووریدا ناتەبا نەبوو، رۆژی ٢٠١٠/١٢/٢١متمانەی بەخشی بە بەرێز مالکی وەك سەرۆك وەزیران و دیاریکردنی ٤٢ وەزارەت بە پێوەرێکی سیاسیانە نەك پیشەییانە..

تەواوکردنی کەموکورتی لە بارەیەوە پێویستی بە کۆمەڵێك رێکەوتن و هاپەیمانێتی نێوان سەری هەرەمەکانە، بۆ ئەو تەواوکارییانەش پێویستە بەرنامەکانی حکومەت لە لایەن پەرلەمانەوە چاودێری بکرێن، ئەو چاودێری کردنەش دەستەبەری لابردنی هاوکێشەی ( دانانی کەسەکان و بە کەسایەتی کردنی پۆستەکان ) دەکات لە سیاسەتی عیراقیدا تا هاوکێشەی ( پایەدارکردنی دامەزراوەکان و بە دامەزراوەیی بوونی پلەو پایەکان ) جێگرەوەی هاوکێشەی پێشوو بێت..



# جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هەنگاوێکی ڕاست بۆ سەرکەوتنی حکومەتی داهاتوو

# پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و یەکلاییکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان



کێشەی هەرە گرنگی ئێستای حکومەتی عێراق یەکلاییبوونەوەی پۆستە ئەمنییەکانە، هەندێك لە چاودێران پێیانوایە مەسەلەی یەکلاییکردنەوەی ئەم پۆستانە مانگێکی دیکەشی پێدەچێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆ هەڵکشانی توندوتیژی لە عێراقدا تەحەددایەکە و پێویستە بەزوویی یەکلایی بکرێتەوە، سەبارەت بەم لایەنە جومعە عەتوانی پەرلەمانتاری عێراق لەسەر لیستی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراقدا لە لێدوانێکی تایبەتیدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (کەمێك ئومێدبڕاوم، چونکە باری ئارامی و ئاسایش لە وڵاتدا ئەو زەمینەو بنەما سەرەکییانە پێك دێنێت کە پرۆسەی سیاسی لەسەر دادەمەزرێت، چەندە باری ئارامی و ئاسایش لە عێراقدا سەقامگیریی بەخۆیەوە ببینێت، هێندە ئەم وڵاتە زیاتر لەرووی ئابووری و وەبەرهێنانەوە دەبوژێتەوە و پێشدەکەوێت و زەمینە خۆشدەکات بۆ هاتنە ژوورەوەی کارگەو کۆمپانیا هەمەچەشنەکان و دەروازەکانی بەرووی پێوەندییەکانی دەرەوەدا دەکرێتەوەو دواجاریش لە بونیادنانەوەی ئابووری داڕماوی وڵاتەکەدا هاوکاردەبن، هەربۆیە دواکەوتنی یەکلاییکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان، بە تایبەتی وەزارەتە ئەمنییەکان کاریگەری خراپی لەسەر شەقامی عێراق و بە تایبەت لەسەر بەغدا هەیە، یەکێك لە دەرکەوتە ترسناکەکانی ئەم کردەوە تیرۆریستییانەی دواییە کە لەرێی چەکی بێ دەنگەوە کەسایەتی و خەڵکانێکی دیار کراونەتە ئامانج، کاریگەری سلبی لەسەر واقیعی ئاسایش و باری ئەمنی هەیە، لەو بڕوایەدام ناکۆکی سیاسی و خۆ فەرزکردن لەلایەن هەندێك هێزی سیاسی بەسەر هێزەکانی تردا یان فەرزکردنی هەندێك وەزیر کە ئەو تواناو خەسڵەتانەیان تێدا نییە کە وەزاراتی ئەمنی بەڕێوە بەرن بەشێکی ترە لە هۆیەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی وەزاراتەکان).

هەر سەبارەت بە کاریگەری پرسی یەکلاییبوونەوەی وەزارەتە ئەمنییەکان پەرلەمانتاری عێراقی لە تەیاری سەدری لە لێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گۆڤاری گوڵان باسی لە وردەکاری ئەو پۆستە وەزارییانە کرد کە هەتا ئێستا یەکلایی نەبوونەتەوە و هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە ئێستا هەوڵێکی زۆر لەلایەن مالیکیەوە لە ئارادایە بۆ ئەوەی هەموو ئەو پۆستانە یەکلاییبکرێنەوە، سەبارەت بەم پرسە زاملی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (لە راستیدا زۆربەی وەزارەتەکان یەکلا بوونەتەوە، تەنیا هەندێك وەزارەت ماوەنەتەوە کە بۆ کوتلەکان دیاریکراون، بۆ نموونە: وەزارەتی بازرگانی بۆ فراکسیۆنی کوردستانی و وەزارەتی کارەبا بۆ عێراقییەیە و وەزارەتی پلاندانان بۆ کوتلەی سەدرییەکان، ئەمانەش بۆیە



جومعە عەتوانی بۆ گوڵان:

## دواکەوتنی یەکلاییکردنەوەی وەزارەتە ئەمنییەکان کاریگەری سلبی لەسەر بارودۆخی ئاسایشی شارەکانی عێراق دروستکردووە

ماونەتەوە کە سەرۆك وەزیران نارەزایی لەسەریان هەیە ئەمەیە بۆ وەزارەتەکان، سەبارەت بە وەزارەتە ئەمنییەکانیش هەندێك گومان و تەحەفوزم هەیە، چونکە ڕێککەوتنێك هەیە لەنێوان عێراقییە و دەوڵەتی یاسا، واتە گرێبەستێك هەیە بەوەی وەزیرێك بۆ عێراقییە هەبێت لە بەرامبەردا رازی بن بە وەزیرێك کە دەوڵەتی یاسا پێشکەشی بکات، بە راستی ئێمە تەحەفوزمان هەیە لەسەر ئەم بابەتە، چونکە لەکاتی هەبوونی وەزیرێکی نا لێهاتوو یان سەر بە حزبێك بێت، ئەمە خزمەت بە پرۆسەی ئەمنی ناکات بەتایبەتی کە ئێستا عێراق پێویستی بە بارودۆخێکی ئەمنی سەقامگیر هەیە و هەموومان تێبینیمان کرد لە ماوەی رابردوودا و لە ئێستاشدا بارودۆخی ئەمنی نا سەقامگیر و مەسیحییەکان کۆچیان پێدەکرێت و پێشێلکاری بەردەوام هەیە، هەروەها چەند رووداوێکی تیرۆر کردنی سەرکردە و ئەفسەرانی پۆلیس و سوپای عێراقیمان بینی، لەراستیدا ئەمە دەبێتە هۆی داڕووخانێکی ئەمنی، بۆیە دووبارەکردنەوەی هەندێك ناو بۆ ئەم وەزارەتانە یان ئەو ناوانەی ئێمە تەحەفوزمان لەسەریان هەیە خزمەت بە عێراق ناگەیەنێت)).

هەر لەچوارچێوەی دابەشکردنی پۆستی وەزارەتە ئەمنییەکان ئێستا هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان داوای یەکێك لەو پۆستانە دەکات و مافی خۆشیەتی یەکێك لەو پۆستانە وەربگرێت، سەبارەت بەوەرگرتنی ئەم پۆستە بۆ هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، جومعە عەتوانی پەرلەمانتاری ئەنجوومەنی ئیسلامی عێراق بەمجۆرە سەبارەت بەو پرسە بە گوڵانی راگەیاند: (ئەگەر کەسایەتی پسپۆر و شارەزا لەو بوارانەدا لەناو برایانی کوردا هەبێت، هیچ رێگرییەگی یاسایی و دەستووری نییە لە پێدانی وەزارەتی ئەمنی بەو بەرێزانە، چونکە هەموومان لەژێر سایەی واتای هاووڵاتیبووندا یەکسانین، دەمێنێتەوە بۆ دۆزینەوەی کەسی شیاو بۆ شوێنی گونجاو، وا رێککەوتنیش هەیە و هەمووان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کەسی هەڵبژێردراو بۆ ئەو پۆستە خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی کردنی کاری لۆجیستیانەی ئەمنی و پسپۆری تێدا بێت و بێلایەنیش بپارێزێت لە کارەکانیدا، کورد وەك هاوبەشێکی سەرەکی لە پێکهێنانی دەوڵەتی نوێی عێراقدا مافی بێ مەلامەتی خۆیانە داوای ئەو جۆرە پۆستە سیادییانە بکەن)).

لایەنێکی دیکە یەکلایینەکردنەوەی پۆستە وەزارییەکان مەسەلەی ئەو پۆستانەیە کە بڕیارە بدرێت بە ئافرەتان، سەبارەت بەچۆنیەتی پێدانی چەند وەزارەتێك بە ئافرەتان پەلەمانتار ئەحمەد حەبیب خەیت لە دەوڵەتی یاسا لە لێدوانێکی تایبەتدا

بۆ گوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن و وتی: (لەڕاستیدا وەزارەتی ئافرەت هەیە و تاکو ئێستا هیچ ئافرەتێکی بۆ دەستنیشان نەکراوە، هەروەك لیستی «دەوڵەتی یاسا»یش ئاشکرای کرد کە دواکەوتنی ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بە ئەوەوە نییە، بەڵکو هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قەوارە سیاسییەکان شکستیان بەدەست هێنا لە ناونووسکردنی ئافرەتان لەزمنی لیستەکانیان کە بۆ وەزارەتەکان پێشکەشیان کردبوو. بەتایبەتی قەوارە گەورەکان کە ئازادییەکی زۆر و دەرفەتێکی فراوانیان لەپێشدا هەبوو بۆ دەستنیشانکردنی ئافرەتان لە لیستەکانیان، بۆ نموونە لیستی «عێراقیە» و «دەوڵەتی یاسا» و قەوارە گەورەکانی تر کە زیاتر لە ٣ – یان ٤ وەزارەتیان بەردەکەوێت. ئەو قەوارە سیاسییانە دەیانتوانی لەزمنی لیستەکانیان ناوی چەند ئافرەتێك ناونووسبکەن. بەڵام سەرۆك وەزیران بڕیاریدا خۆی ئەم کێشەیە چارەسەربکات لەڕێگەی وەزارەتەکانی تر، ئێمە هەمووشمان دەزانین کە لەبارەی مەسەلەی ئافرەت شتێکی حەتمیە و پێویستە ئافرەت پۆستەکە وەرگرێت. لەئەنجامیشدا چەند پۆستێکی تر هەیە و وابڕیارە بە ئافرەت بدرێت، وابزانم بەڕێز مالیکی ٢ – یان ٣ کاندید پێشکەش دەکات، جگە لەو ئافرەتەی کە پێشوەختە هەیە، مەبەستم وەزیرە «بوشرا»، کە وابزانم سەر بە پارتی «فەزیلە»یە، پێموایە بە ٤ ئافرەت لەزمنی پێکهاتەی وەزیرەکان پرۆسەکە ڕێکدەکەوێت. لەلایەنێکی ترەوە، ئێمە لە داهاتوودا چەندین شتی تری گرنگ هەیە بەتایبەتی دەستەکان، وەکو دەستەی هەڵبژاردنەکان و دەستەی پێوەندییەکان، وێڕای چەندین دەستەی دیکەی گرنگ، دەکرێ لەو کاتانەشدا ئەم مەسەلەیە چارەسەربکرێت. ئەگەر بێت و هەر ئافرەتێك خاوەن نەزاهەت و شیاوی و لێهاتوویی بێت و بتوانێت خۆی بسەلمێنێت، پێموایە ئێمە وەك نوێنەران هیچ کێشەیەکمان نابێت لە بەخشینی ئەو ئافرەتە بە یەکێك لە وەزارەتەکان)).

**وەرەقەی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و گەرەنتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠**

ئەوەی جێگەی ئومێد و دڵخۆشیە، ئەوەیە کە وەرەقەی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەلایەن بەڕێز مالیکیەوە ئیمزاکراوە کە بە وەرەقە ١٩ خاڵەکە ناسراوە و یەکێك لەو خاڵانەش جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بەڵام لەمەش زیاتر جێگەی خۆشحاڵی ئەوەیە کە ئێستا لیستی ئەلعراقیەش بەسەرۆکایەتی د.ئەیاد عەلاوی بەڵێنی ئەوەیان داوە کە ڕازین بەوەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، سەبارەت بەم لایەنە شێخ فاتیح داراغایی ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر لیستی کۆمەڵی ئیسلامی لە لێدوانێکی تایبەتدا



**شێخ فاتیح داراغایی بۆ گوڵان:**

**لەگەڵ هەردوو لیستی عێراقیەو هاوپەیمانی نیشتمانی ڕێکەوتووین کە دەبێت ماددەی١٤٠لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو بێتە جێبەجێکردن و زەمانەتمان وەرگرتووە**

بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: ((ئێمە وەکو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کە زۆرینەی لایەنەکانی کوردستانی بەشدارن لە پەرلەمانی عێراق کە دوو ڕێککەوتنمان لەگەڵ هەردوو لیستی عێراقیەو هاوپەیمانی نیشتمانی یەکێك لە مەسەلەکان جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ـە، ڕێکەوتووین کە دەبێت ماددەی١٤٠لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوو بێتە جێبەجێ کردن و زەمانەتمان وەرگرتووە، ئەم دوو ساڵەی کە بۆ جێبەجێکردنی دەستنیشان کراوە لیستی عێراقیە هەستیان بەوە کردووە کە ئەوە ڕێککەوتنێکی سیاسیی لە سەروو سەرۆك وەزیران نوری مالیکیەو ماددەکە جێبەجێ دەکات بە تایبەتیش لیستی عێراقیەو سەرۆکی پەرلەمان کە ئوسامە نجێفیە، هاتوونەتە ئەو باوەڕی کە ئەمە شتێکی یەکجارەکیەو جێبەجێ دەکرێت و دەیانەوێت کەنارەگیر نەبن لەو ڕێککەوتنەی هەیە، بۆیە نەرمییەکی زۆریان نواندووەو بەرەو پێشەوەهاتوون و دەیانەوێ لەگەڵ کوردو ئیئتیلافی فراکسۆنە کوردستانییەکان ڕێکبکەون بە تایبەت لە سەر ناوچە جێ ناکۆکەکانی پارێزگای موسڵ و کەرکوك و دیالەو ڕای ئیجابیان هەیەو دەیانەوێت لەگەڵ ئیئتلافی فراکسۆنە کوردستانییەکان ڕێککەوتنێکی لەم جۆرە بە نوسراوو ئیمزاکردن لە نێوان هەردوو لادا هەبێت، زەمانەت زۆرە لە سەر جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠، تەنیا دەستنیشانکردنی ماوەی دوو ساڵ زەمانەت نییە، بەڵکو ئیمزاکردنی نوری مالیکی و گەڕانەوەی ڤیتۆ بۆ سەرۆك کۆمار کە لە ڕێککەوتنەکە چەسپاندمان و دانانی پێڕەوی نێوخۆیی سەرۆك وەزیران و ڕێککەوتنە سێ قۆڵیەکە هەیە لەسەر پرۆژە یاسای ئەنجومەنی سیاسەتی باڵا، بۆیە پێموایە ئەمە لە بەرژەوەندی کورد دا دەبێت و گەشبینیشم لەوەی داهاتووی عێراق دیسان لە بەرژەوەندی ئێمەدا دەبێت)).

ئەوەی شێخ فاتیح ئاماژەی پێکرد بەرەو پێشەوە چوونێکی باشە بە تایبەتی کە لیستی ئەلعراقیە ئێستا هەڵوێستی گۆڕاوە و وەك پێشان نەماوە، هەربۆیە بۆ زیاتر جەختکردنەوە لەسەر ئەم پرسە، موحسین سەعدون ئەندامی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و نوێنەری نەینەوا لە پەرلەمانی عێراق، لە لێدوانێکی تایبەتی گوڵاندا بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن: (یەکێك لە داواکارییە ١٩خاڵەکەی ئیئتیلافی فراکسۆنە کوردستانییەکان لەکاتی وتووێژکردن بۆ بەشداریی کردن لە کابینەی نوێی حکومەتی عێراق دا جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠بوو، هاوکات تەئکیدمان لەوە دەکردەوە کە دەبێت قۆناغەکانی لە ماوەی دوو ساڵ بێتە جێبەجێکردن و قۆناغەکانی کۆتایی بێت، بێگومان لای هەموو



**حاکم زاملی بۆ گوڵان:**

# گومان و تەحەفوزم لەسەر وەزارەتە ئەمنییەکان هەیە پێدەچێت رێککەوتنێک لەنێوان لیستی ئەلعێراقییە و دەوڵەتی یاسا هەبێت

روونە کە لەکاتی سوێند خواردندا سەرۆک وەزیرانی عێـراق نوری مالیکی تەئکیدی لەو رێککەوتنەکەو جێبەجێکردنی ماددەکەی کردەوە، لە ئێستاشدا لیستی عێراقیە جارێکی دیکـە جەختیـان لە سـەر جێبەجێکردنی ماددەکـە لەو ماوەیەی بۆی دەستنیشـان کراوە، کردەوە. ئەم هەنگاوەش تاراددەیەکی باش جێی خۆشحاڵییەو ئاماژەیەکە بەوەی کە هەموو لایەك گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە دەبێت مـاددەی ١٤٠بێتە جێبەجێکردن، چونکە ماددەیەکە لە نێو دەستووری عێراقدا هاتووە سـەقفێکی یاسـایی وەرگرتووە سـەرباری ئەوەش رێککەوتنی سیاسـیی لـە بارەیەوە هەیـە، ئـەوەی پێمانوایە لە ئێستادا پێویسـتە هەنگاوی بۆ بهاوێژێ دەسـتبەکاربوونی سـەرۆك و ئەندامانی لیژنەکەیـە بۆ ئەوەی کارەکان پتر کارا بن، سەرباری ئەوەش رێککەوتن کراوە کە دەبێت لە ماوەی دوو سـاڵی داهاتوودا جێبەجێ بێت، بـەڵام رەنگە لە ماوەی زووتر ئەنجام بدرێت و ئەو هەڵوێسـتەو تەئکیدکردنەوەو پشـتگیریکردنەی لیستی عێراقیە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەمانەگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە هەموو لایەك گەیشتوونەتە باوەڕێـك کـە دەبێـت ماددەی ١٤٠بێتە جێبەجێکردن و کێشـە مرۆڤایەتییەکان کە لەئاکامی سیاسەتی چەوتی رژێمی پێشوو بە مەبەسـتی مەرامی سیاسیی ئەنجامی دابێت، چارەسـەر بکرێن. لە ئێستادا ئێمە بەشـدارییمان لە پەرلەمانی عێراق هەیەو لیسـتی عێراقیـەش بە هەمان شـێوە لە پەرلەمانـدان و سـەرۆکی پەرلەمانیـش لە لیسـتی عێراقیـە دایە، بۆیـە ئەمە هەنگاوێکی ئەرێنی دەبێت بۆ بەهێزکردنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو لیست و کۆتایی بە یەکێك لە کێشە ئاڵۆزییەکان دێت، ئەویش ماددەی ١٤٠ـە)).

### ئەنجوومەنی سیاستە باڵاکان و چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستەکانی

یەکێـك لەو دامەزراوانـەی لەم خولەی هەڵبژاردنـی عێراقـدا، دامەزراندنـی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵا نیشتمانییەکان بوو، ئەم پۆستە کە وا بڕیارە سەرۆکایەتیەکەی بدرێتە د.ئەیاد عەلاوی هێشتا بەپێی یاسا هەیکەلەکەی رێکنەخـراوە و هەندێك باس لەوە دەکەن کە دەبێت دابەشکردنی پۆستی ئەم دامەزراوەیەش وەك پۆسـتەکانی دیکە رەنگدانەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقی بێت، سـەبارەت بە ئاسـتی وتووێژەکان بۆ یەکلاییکردنەوە و دارشـتنی یاسـایەك بۆ رێکخسـتنی هەیکەلی ئـەم دامەزراوەیە، جومعە عەتوانی لـە درێژەی لیدوانەکەیدا بـۆ گوڵان وتی: (سـەبارەت بـە ئەرکی داهاتووی ئەنجوومەنی سیاسـەتە باڵاکان، تێکەڵاوبوونێـك هەیـە، بـەوەی ئایا ئەو ئەنجوومەنە مافی جێبەجێکردنی هەیە یان ئەنجوومەنێکی راوێژکارییە؟ ئەوەی لەسەری پێکهاتـوون بریتییـە لـە ئەنجوومەنێکی سیاسی بۆ کاروباری ستراتیژی، بۆیە بەو شێوەیە ناونراوە تا روانینی ستراتیژی هەبێت تەنانەت لە بوارەکانی ئابووریشـدا، چونکە ئێستا دیار نییە ئابووریمان سۆسیالیزمانەیە یان سـەرمایەدارانە، هەربۆیـە تێکەڵی و پێکەڵییەك لەناو پێکهاتەی سیاسی عێراقدا بە سلبی کاری کردۆتە سەر پێوەندییەکانمان بە دەرەوەش، ئێسـتا یەکبوونێکی خیتابی سیاسی و ئابووری لە عێراقدا نییە، ئەمەش ئەرکی ئـەو ئەنجوومەنەیە ئەم پەرتەوازییە





چاك بكات)).

هەر سەبارەت بەو ئیشكالیەتەی لەسەر ئەم ئەنجوومەنە هەیە بە تایبەتی كە لەلایەن لیستی ئەلعراقیە باس لەوە دەكرێت پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێكاریشی هەبێت، حاكم زاملی پەرلەمانتاری لیستی تەیاری سەدر لە درێژەی لێدوانەكەیدا بۆ گوڵان وتی: (ئەم پرۆژەیە لە دانیشتنی داهاتووی پەرلەماندا موناقەشەی دەكەین، بەڵام سووربوونی عێراقییە لەسەر ئەوەی كە دەسەڵاتی جێبەجێكردنی هەبێت و هاوسەنگ بێت لەگەڵ دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیران، دەبێتە هۆی خوڵقاندنی گرفتێكی زۆر گەورە و دەوڵەتی عێراق بە دوو دەسەڵاتی جێبەجێكردن بەرێوە ناچێت، بێگومان دەبێتە هۆی شڵەژانی بارودۆخی سیاسی لە عێراق، پێمواپە ئەم ئەنجوومەنە دەبێ بۆ پلان دانای ستراتیژی و ئامانجی درێژ مەودا بێت و دەوڵەت ناچار دەكات بە جێبەجێكردنی ئەو بریارانەی كە خزمەت بە دەوڵەت و گەلی عێراقی دەگەیەنن، بەرای من پێویستە راوێژكاری بێت زیاتر لەوەی جێبەجێكاری بێت).

ئەم دامەزراوەیە كە لەبنەرەتدا بۆ ئەوە هاتۆتە ئاراوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سەرۆك وەزیران دابەش بكرێت، بەڵام نازانرێت ئایا بەپێی ئەو یاسایەی بۆی دادەرێژرێت هەر ئەنجوومەنێكی راوێژكاری دەبێت یان بەشێك لە دەسەڵاتی جێبەجێكردنیشی پێدەدرێت.

### گەڕانەوەی موقتەدا سەدر و كاریگەری لەسەر حكومەتەكەی مالیكی

تەیاری سەدر كە بەتەنیا لەنێو لیستی هاوبەندی شیعە لەكۆی ٧٠ كورسی ٣٩ كورسی بەدەستهێناوە، مانای ئەوەیە تەیاری سەدر لەناو پێكهاتەی شیعەی عێراقدا خاوەنی نفوزێكی گەورەیە و لە حكومەتی ئێستاشدا حەوت پۆستی وزاری پێدەدرێت، هەربۆیە چۆن پێشتر لەدەرەوەی حكومەت تەیاری سەدر یەكێك بوو لەو هێزانەی لە گۆڕەپانە سیاسییەكەدا كاریگەری بەرچاو و دیاری هەبووە، ئەمجارە لە حكومەتی داهاتووی مالیكیدا تەیاری سەدر كاریگەری دەبێت و لەناو پەرلەمانیشدا دەبێتە هێزێك كەهەموو لایەنەكان حسابی وردی لەسەردەكەن، هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا گەڕانەوەی



**ئەحمەد حەبیب بۆ گوڵان:**

## موقتەدا سەدر خوێندنی لە ئێران تەواو كردووە و ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و هیواداریین هەر لەوڵاتی خۆی بمێنێتەوە

موقتەدا سەدر لە ئێرانەوە بۆ عێراق بەتایبەتی كە لەماوەی ٤ ساڵی رابردوو بۆ خوێندن رووی لە ئێران كردبوو، گەڕانەوەی ئێستای جێگەی هەڵوەستەكردنە و چاودێران وا سەیری گەڕانەوەكەی دەكەن كاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق دەبێت، سەبارەت بەم پرسە حاكم زاملی لە تەیاری سەدر بە گوڵانی راگەیاند: (بێگومان گەڕانەوەی موقتەدا سەدر بۆ عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی نزیك بێت لە بارودۆخەكە و لە نزیكەوە ئاگاداری پێشهاتە سیاسییەكان بێت، ئەمەش رۆڵی دەبێت لە هێوركردنەوەی بارودۆخ و دەبێتە سەمامی ئەمان بۆ هەموو چین و توێژەكانی گەلی عێراقی).

ئەمە بۆچوونی یەكێك لە سەركردەكانی تەیاری سەدرە، بۆیە هەر سەبارەت بەهەمان پرس لە پەرلەمانتار ئەحمەد حەبیبمان لەسەر لیستی دەوڵەتی یاسا پرسی و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (شاری «نەجەف» شوێنی «سەید سەدر»ە و هەروەها شوێنی خێزان و بنەماڵەكەیەتی و ئەو شوێنەیە كە تیایدا پەروەردە كراوە.



«سەید سەدر» خوێندنی باڵای لە وڵاتی ئێران تەواو دەکرد. ئێستاش گەڕاوەتەوە بۆ شارەکەی خۆی و ئەو پیاوێکە ڕۆڵی خۆی هەمیشە گێڕاوە تەنانەت گەر لێرە بێت یان لەوێ، لەبەرئەوەی ڕەوتێکی عەقائدی و خاوەن تەواجودێکی بەهێزە، ئەمەش شتێکی ئاشکرایە و هەمووشمان دەیزانین، ڕەنگدانەوەی ئەو تەواجودەش بریتییە لە تەواجودی ڕەوتەکە لە پەرلەمان و بەو ژمارە نایابە)).

پەرلەمانتار جومعە عەتوانیش لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی بەمجۆرە رای خۆی لەسەر گەڕانەوەی موقتەدا سەدر دەربڕی و وتی: ((گەڕانەوەو نزیکبوونەوەی موقتەدا سەدر لە سەرکردەکانی عێراق قورسایی زیاتر بە پرۆسە سیاسییەکە دەدات و کارێکی سرووشتیشە بۆ ئێستای عێراق، چونکە چەند جارێك لەگەڵ بەڕێزان مسعود بارزانی و عەلاوی کۆبۆتەوەو وتوویژیان لەگەڵی سازداوە، ئەمەش جۆرێك لە ئاسوودەیی بۆ باری سیاسی و ئەمنی عێراق رادەکێشێت، بە هیوابین لەوڵاتی خۆی کە عێراقە بمێنێتەوە)).

ئەم لێدوانانە کە لەسەر لایەنی سەرەکی شیعەوە سەبارەت بە گەڕانەوەی موقتەدا سەدر بە گوڵانیان ڕاگەیاندووە، مانای ئەوەیە گەڕانەوەی بەڕێز سەدر گەڕانەوەیەکی کاتی نییە و خوێندنی ئیسلامی لە ئێران تەواو کردووە و ئێستا هاتۆتەوە کە ڕۆڵی خۆی لە پرۆسە سیاسییەکەدا بگێڕێت، بێگومان لایەنی ئەمریکیش بۆ ئێستای عێراق سەبارەت بە گەڕانەوەی سەدر لەم کاتە هەڵوێستێکی ئیجابی دەبێت، ڕاستە پێشتر هێزەکانی سەدر لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا و سوپای عێراقیش بەشەڕ



**موحسین سەعدون بۆ گوڵان:**

**هەموو لایەک گەیشتوونەتەئەو قەناعەتەی کە دەبێت ماددەی١٤٠ جێبەجێ بکرێت و ئەو کێشانەشی لە ئاکامی سیاسەتی چەوتی ڕژێمی پێشووەوە بە مەبەستی مەرامی سیاسیی ئەنجامدراون دەبێت چارەسەر بکرێن**

هاتوون، بەڵام ئەو شەڕ و ئاژاوەیەی کە لەنێوان تەیاری سەدر و هێزەکانی ئەمریکاو عێراقدا ڕوویانداوە، ناچنە خانەی ئەو شەڕانەی کە پێشتر لە فەلوجە و شوێنەکانی دیکە ڕوویدابوو، بەپێچەوانەوە هەندێك لە بیرمەندانی سیاسیی ئەمریکا وەك ئەمیتا ئیتزایۆنی کە پلانی Zی بۆ ئەمریکا لە عێراقدا پێشنیار کردبوو، زۆر بەتوندی لەو پلانەدا سەرکۆنەی هێزەکانی ئەمریکای کردبوو کە لەنێو شاری سەدر لەبەغدا هێرشیان کردۆتە سەر هێزەکانی سەدر، ئیتزایۆنی پێیوابوو هێزەکانی سەدر توانیبوویان ئارامی و ئاسایشی شاری سەدر لەناو بەغدا کۆنترۆڵ بکەن، بۆیە پێویستی نەدەکرد هێرشیان بکرێتە سەر، لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی عێراقیش بێگومان تەیاری سەدر بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی دەسنیشانکردنی پۆستی سەرۆك وەزیران لەناو هاوپەیمانی نیشتمانی شیعە ڕۆڵێکی باشی گێڕاوە تەیاری سەدر توانی پارسەنگەکە بەلای مالیکیدا بشکێنێتەوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات و دواتریش لەچوارچێوەی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانیدا هەموو لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بگەنە ڕێککەوتن، لەم تێڕوانینەوە گەڕانەوەی سەدر هێز و تینێك بە حکومەتە تازەکەی مالیکی دەبەخشێت و ئەگەر تەیاری سەدر بەتەواوەتی پشتگیری حکومەتەکەی مالیکی بکات، ئەوا مەزندە دەکرێت کە بتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

# دەمخۆش سەرۆک گویل:
# (ئاگر کەتییە دلێ من)

(عەبدوللا گویل) سەرەك كۆماری توركیا گۆرانی كوردیی (ئاگر كەتییە دلێ من) لەگەڵ گۆرانیبێژی ئەرمەنی (بەدری ئەیسەلی) دەڵێتەوە.

دوو نیشانە بە بەردێك. گۆرانییەكی كوردی و هونەرمەندێكی ئەرمەنی...

لەگەڵ سەرۆك گویل لە ئامەد (دیاربەكر) یەكدەگرنەوە، وەكو بڵێی دەوڵەتی توركیا بیەوێ بڵێ كە وەختی هاتووە دەرگای داخراوی ئاشتبوونەوەی گشتی بكرێتەوە، تا ئەم سێ نەتەوەیە: كورد و ئەرمەن و تورك بتوانن بە ئارامی و دڵنیایی پێكەوە لەگەڵ گەلانی دیكە درێژە بە ژیان بدەن.

لە توركیادا، هەر لە وەختی دەوڵەتی عوسمانییەوە، مێژوویەكی سەختی پڕ لە مەینەت و خوێنڕێژی و خەفەت رابردووە، خۆ دەبێ لە خاڵێكەوە ئیتر ئەو تراژیدییایە رابگیرێ و ئاسۆیەكی نوێ بكرێتەوە.

یەكەم هەنگاڤ ئەوەیە یەكتر قبووڵبكەن، بە فەرهەنگ و زمان هەبوونی یەكدییەوە.

چی لەوە باشتر كە لە هونەرەوە دەستپێكەن؟!

هونەر و فەرهەنگ هەمیشە سادەترین و،لە هەمان كاتدا، گرنگترین پردە لەنێو گەلاندا، كەوابێ گۆرانیی (ئاگر كەتییە دلێ من) كلیلی دەسپێكی سارێژبوونەوەی (كول و دەردانە). بە كرداری چاك دەبێ بڵێین چاكە و، دەستان نەڕزێ.

تا دوێنێ هونەرمەندان، بەڵكو مێردمنداڵانی كوردیش، لەبەر گوتنەوەی گۆرانی و سروودی كوردی دەسگیر و سزاش دەدران. ئەشكەنجەشیان دەچێژی.

ئێستا سەرۆك گویل بە زاری خۆی گۆرانی خۆشی كوردی دەڵێتەوە، وەكو ئەوەیە پەیامی هاوچەرخ بۆ گەلی كوردی بنێرێ، ئەویش لە باژێری دیرۆكیی ئامەدا، كە كورد هەر هەبووە و، زمان و موزیك و كەلەپوور و تایبەتمەندیی خۆی هەیە.

گویل، لەسەرەتاوە بە گەرمی پشتیوانی كردنەوەی كەناڵی (TRT٦)ی بە زمانی كوردی بووە و بەرامبەر بەو لایەنەی ناو دەوڵەت و كۆمەڵگەی توركیا، كە ویستوویانە كەناڵەكە دابخرێت، بەرگریی لە مانەوە و بەردەوامبوونی كردووە.

خوالێخۆشبوو توركوت ئۆزال، سەرۆكی پێشووی توركیا كە ساڵی ١٩٩٣ كوتوپڕ ماڵاوایی لێكردین، دەسپێشخەری كرانەوەی ئاشتیانەی دەوڵەت و حكومەتی توركیایە بەرامبەر بە نەتەوەی كورد و دۆزە رەواكەی.



فلك الدين كاكەیی

چڕینی گۆرانیی كوردی (ئاگر كەتییە دلێ من) سومبولی پەیامێكی نوێیە كە بەم گۆرانییە دەربڕیووە، وەلی رەنگە سەدان لاپەڕەی نووسین و شیكردنەوە، وەك ئەم گۆرانییە بە دەنگی هونەرمەندی ئەرمەنی لە ئامەدی پایتەختی دیرۆكی كورد، كاریگەری خۆی بە جێنەهێڵێت، ئەوە رێگەیەكی ئەزموونداره بۆ چەسپاندنی دۆستایەتی كورد و تورك و گشت گەلان. بەر لە چەند مانگێش وەزارەتی كەلتووری توركیا دوو هەزار و پێنجسەد دانەی دیوانی (مەم و زینی) ئەحمەدی خانی فەیلەسوفی هزری كوردی لە چاپدایەوە و دایبەشاند، كە لە ساڵی ١٩٢٣ـەوە چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم دیوانە، لە توركیا قەدەغە بووە.

دیارە هێڵە سوورەكان، وەك دیواری بەرلین، یەك لە دوای یەك، دەڕوخێن و پەنجەرە و دەرەكان بەڕووی سروەی شارستانیی سەردەم بۆ نێو كۆمەڵگەی تورك و كورد دەخرێنە سەرپشت.

رووناكبیران و خەڵكی كورد، بە ئومێد و خۆشباوەڕییەوە، دەڕواننە ئەو بزاڤە كەلتوورییانە، كە چاوەڕانن لە بواری رامیاری و كۆمەڵایەتی و دەستووریش رەنگبدەنەوە.


دیارە رێگەكە هەموارنییە، كەندولەند و تەگەرە لە پێشدا هەنە و دەمێننەوە نەیارانی گەلی كورد مینی زیادیان ناشتووە و بۆسەی جۆر بەجۆریان ناوەتەوە.

وەلی رێڕەوی كرانەوەی ئاشتیانە و پێشرەوتی مەسەلەی میللی كورد هەر دەبێ بەسەر مەنزڵ بگەن، لێرەدایە كە كورد دەبێ بەرامبەر هەر هەنگاڤێكی كرانەوە، چەندین شەقاو بنێ و، بە گەشبینییەوە رووبەڕووی پێشهاتەكان ببێتەوە و، دەس بە بڕواو ئومێدەوە بگرێت. واتە: كورد نابێ هەر چاوەڕوانی هەنگاڤی پۆزەتیڤانەی بەرامبەرەكەی بێ، كە گەل و دەوڵەتی توركیایە، بەڵكو دەبێ كورد بەخۆیشی گەشبین بێ و پێشوازی لە ئاشتی و ئازادی بكات و، دەسپێشخەریی خۆێ بنوێنێ.

بەردەوامبوون و پاراستنی دۆخی ئاگربەسی نێوان هەردوولا لە توركیادا وەڵامێكی پۆزتیڤی گونجاوی بارودۆخەكەیە، كورد دەبێ هەنگاڤی گەورەتر بچێتە پێش تا ئاگربەسی كاتیی ئێستا ببێ بە ئاگر بەسی سەقامگیر و ئاشتی هەمیشەیی تا بە ئازادی و سەربەرستی گۆرانییەكان بچڕنەوە و هیوا جوانەكان سەوزببن.

دەمخۆش سەرۆك گویل!

# پێکهێنانی حکومەتی نوێ لەم بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی عێراقدا



کازم حەبیب *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی

پێکهێنانی پێکهاتەی یەکەمیی حکومەت ٨ مانگی خایاند، تا ئێستاش لەلایەن لیستە هاوبەشەکانی کە بڕیارە حکومەت پێك بهێنن پرۆسەی بەرکەماڵبوونی قەدوباڵای حکومەت تەواو نەبووە، ناکۆکییەکان لەسەر وەزارەتە گرنگەکانی بەرگری و ناوخۆو ئاسایشی نیشتمانی لەهێنان و بردندا ماون وبەردەوامن، ئەمە وێڕای گرفتێکی نوێ کە لەم دواییەدا سەبارەت بەنەبوونی ئافرەت لە کابینە تازەکاندا سەری دەرهێناوە، تا بەپێی ماددە دەستوورییەکانی تایبەت بەمافی ئافرەتان هاوکوف بێتەوە کە پێویستە لە ٢٥٪ی پۆستە وەزارییەکانیان بەرکەوێت.

هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی لیستەکان ئافرەتیان بۆ وەرگرتنی پۆست لە حکومەتی نوێ دا هەڵنەبژاردووە، ئەو پۆستانەش کە بەنیازن ئافرەتی بۆ هەڵبژێرن بریتین لە پۆستەکانی وەزیرانی دەوڵەت .

لایەنی ئیجابی لەکێشمەکێشی نێوان سەرۆکایەتی وەزیران و مافە دەستوورییەکاندا ئەوەیە کە ڕێگا لەهێزو حزبەکان دەگرێت بەکودەتای سەربازی هەستن، لایەنی سلبیش لە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت دا لەو بۆشاییە سیاسی و ئەمنییەدایە کە لەلایەن تیرۆرستانەوە قۆزراوەتەوەو لەماوەی ئەم٨ مانگەی پێشوودا زیانێکی گەورەیان بەهاووڵاتییانی مەدەنی گەیاندووە، گرووپەکانی تیرۆر لەم کارانەی دواییدا هەمەچەشنە بوون و ئامانج و هەڵوێستیان دروستکردن و نانەوەی فەوزاو تێکدانی وڵاتەکە بوو.

پێکهاتەی وەزاریی نوێ پشتی بەستووە بە هێزی حزبە ئیسلامییە سیاسییە شیعییەکان و، هەندێك هێزی نەتەوەیی عەرەبی کە ناسنامەکەیان لە ئیسلامی سیاسی سوونییەوە نزیکەو، هەروەها هێزی هاوپەیمانی کوردستانی لەدوای کشانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەو هاوپەیمانێتییەدا.

وەزارەتە یەکگرتووە نوێیەکانی ئەمڕۆ بەراورد بەوەزارەتەکانی پێشوو کەمترنوێنەری هێزو حزبە سیاسییەکانی ئێستای عێراقن، بەتایبەتیش ئەو هێزە سیاسییانەی دەرەوەی پەرلەمانی عێراقی یا ئەوانەی کورسییان بەدەست نەهێناوە، مەبدەئی وەزارەت پێکهێنان بەپێی بەش بەشکردنی تیرەگەری و ئیتنی دروستبووە نەك لەسەر بناغەی هاووڵاتیی بوون و توانای پیشەگەری لەهەڵسوڕانی پۆستە وەزارەییەکاندا.

دەستپێشخەری بەڕێز مەسعود بارزانی ڕۆڵی ئەکتیڤ و کارای هەبوو بۆ لەدایکبوونی کابینەی نوێ، بەڵام شێوازی پێکهاتنی وەزارەتەکان گوزارشت ناکەن لە سەروەری کەش و هەوای دیموکراتی و ژیانی سیاسی عێراق، بەڵکو گوزارشتن لە بارودۆخێك کە پێویست بوو لەگەڵ نەمانی ڕژێمی ڕەفتار فاشی سەدام بەسەربچوونایەو دەستاودەست کردنی دەسەڵات بەشێوازێکی دیموکراتی و بەپشت بەستن بە واتای هاووڵاتیبوون بۆ هەموو کەس و لایەنێك مسۆگەر بووایە.

پێوەری هێزە سیاسییەکان لەکاتی هەڵبژاردنەکانداو لە ئێستاشدا ؛ نەیتوانی گۆڕانکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکات. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو هیوایەیە کە لە لایەن هەموانەوە بۆ فراوانکردنی ئازادییەکان و ژیانی دیموکراتی گشتی و دابینکردنی بەرژەوەندی خەڵکی هەژارو نەهێشتنی بێکاری لە ناو وڵاتدا چاوەڕێین .

گرفتی بنەڕەتی لە حکومەتی پێشوودا لە سروشتی پێکهاتەکەیدا بوو کە پشتی بەستبوو بە موحاسەسەو هاوگونجانێکی لە نێوان ئەجیندەکان و بەرنامەو بەرژەوەندییە هاوبەش و لێك دژەکان نەدەدۆزییەوە، هەر بۆیە لەوەدیهێنانی بەرهەم و ئەرکە هەستەوەرەکانی لەناو کۆمەڵگاو توێژی چەوساوەدا بۆ دەستەبەر نەکرا، بەتایبەت لایەنی ئاسایش کە زۆر بەکەمی مسۆگەر کرا.

ئەرکەکانی تری حکومەتی نوێ ئابووری و خزمەتگوزاری و نەهێشتنی گەندەڵی بەرفراوان و دەرچوواندنی یاسای تایبەت بە حزبە سیاسییەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ناوچە دابڕاوەکان و کەرکووکە بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور کە وەك خۆیان ماونەتەوە.

حکومەتی ئێستاش کە جیاواز نییە لەوەی پێشوو لە ڕووی: گرفت و قەیرانی چارەسەرنەکراو کە بەهۆی ئەو ڕژێمە سیاسییەوە زیاتر دەبن کە لەسەر بنەمای موحاسەسەی دینی و مەزهەبی و ئیتنی دروست بوون. ئەمڕۆ لەهەموو بوارەکاندا لەپاڵ بواری ئاسایش و سەربازی کە حکومەتی پێشوو نەیتوانیوە گرفتەکانیان چارەسەر بکات، هەموو ئەرکی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە کەوتۆتە ئەستۆی ئەم حکومەتە تازەیەوە، لەو کەسانە نیم کە ڕەشبینن بەڵام لەناو گەشبینیشدا مەلە ناکەم بەشێوەیەك کە واقیعی ئێستاو ململانێ و گرفتەکان نەبینم، بەتایبەت سەرەتای پێکهاتنی حکومەتی تازە کۆمەڵێ ململانێ و ناکۆکی لەناو هاوپەیمانەکان و کوتلەکاندا دروست کردووە لەسەر ئاستی هێزە هاوبەشەکانی بەشداربوو لە حوکمدا، ئەمەش بەهۆی شێوازی گرتنەبەری ئەو لیستە بەشداربووانە لە هەڵبژاردنی وەزارەتەکان و وەزیرەکان. ئەو بەیانەی سەرۆك وەزیران خوێندییەوە بەرنامەیەکی تێدا نەبوو بۆ گۆڕانکاری و جێبەجێکردنی ئەرکەکان، تا وەکو لە بەرنامەی داهاتووی حکومەتی ناوەندی کاری پێ بکرێت. پێویست وابوو وردەکاری بەرنامەی وەزارەتەکان بخاتەڕوو، ئەمەش کاتێکی زۆری دەوێت تا لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکرێت بەتایبەت بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەسەر هەڵبژاردندا تێپەڕیوە. عێراق لەبەردەم دواکەوتنی هەموو کەرتەکانی ژیانی ئابووری دایە، جگە لەکەرتی بازرگانی دەرەکی کە قەبارەی هاوردەکردن تێیدا بەبێ بەرنامەو ڕێکخستن زۆرو زەبەندە. عێراق لەبەر دەروازەی بەرفراوانکردنی هەناردنە دەرەوەی نەوتی خاوە بەبێ بەرنامەو شێوازی ناردنە دەرەوەی نەوت و دەستپێوەگرتنی، هەروەها عێراق لەپێش داڕوخانی بواری پیشەسازیدایە و دامودەزگاکانی کەرتی گشتی بێ بەرهەمن و بۆ فرۆشتن بە کەرتی تایبەت نمایش دەکرێن، کشتوکاڵێکی وێرانیش کە ناتوانێت پێویستییە بنەڕەتییەکانی دانیشتووان دابین بکات بینا قاقای عێراقی گرتووە. خزمەتگوزاری پەکی کەوتووەو خەڵکی لەبەردەم کارەساتەکانی لافاوو بێکارەبایی و بێکاری دەناڵێنن، لەلایەکی ترەوە زیاتر کردنی دامەزراندن قەبارەی بێکاری ڕووپۆشکراوی

زیاتر كردووەو داهاتی نەتەوەیش تووشی لەناوچوون بووە، پارەی نەوتیش بەشـــدار نییە لە كەرتی پێشـــكەوتنی بەرهەمهێنان و دابینكردنی پێداویستییە خزمەتگوزارییەكاندا.

توێژە كۆمەڵایەتییەكانی عێراق بەگشـــتی لەناو هەژاریدا دەتوێنەوە، نزیكەی لە ٦٥٪ی دانیشتووان لە ژێر هێڵی هەژاری دان، ئەوانەی كەبەســـەر هێڵەكەشـــەوە دەجووڵێنەوە كەمێك لەو رێژەیـــە زیاترن. تەنیا رێژەیەكی كەمی دانیشـــتووان نەبێت كە كەوتوونەتە ناو نازو خۆشـــگوزەرانی، وەگ پشـــیلەی قەڵەو لەســـەر حسابی مولكی گشـــتی و پارەی بەهەدەردراو دەژین، ئێمە لەبەردەم واقیعێكداین كەس ئیرەیمان پێ نابات، لەلایەكی ترەوە دەســـەڵاتداران ئازارەكانی گەل بەتەسككردنەوەی ئازادییە دیموكراتییەكان زیاتر دەكەن، باری ئارامی لەناوەندو باشـــوورو بەغدادا خراپتر دەبێت، سەرەتاكەشی بەو رووداوانە دەستی پێكرد كە دژ بە هاووڵاتییانی سیڤیلی كریستانەكان ئەنجام دەدران.

كاتێك ســـەدام حوســـێن هاتە ســـەر حوكم بەدەنگی بەرزەوە رایگەیاند: ((هاتین بۆ ئەوەی بمێنینەوە. ))، دوای ماوەیەكی كـــورت نەعیم حەداد ئـــەو راگەیاندنەی لە زاری ســـەدامەوە وەرگرتەوەو وتی :(( حزبی بەعس دەســـەڵاتی گرتە دەســـت و بەریناداتە مەگەر هەموو عێراق پڕی لاشـــەو داروپەردووی سووتاو بێت..))، بەمشێوەیە مردن و وێرانی لەگەڵ دەستبەردانی رژێمی ســـەدام لە حوكم بۆ عێراق مایەوەو تا ئێستاش بەرۆكی گرتووین.

ئێمە لەعێراقدا پەندێكی باومـــان هەیە كە دەڵێت: باڵندەكە لەكاتـــی فڕیندا بـــەر لەوەی بەرز بێتەوە كەوتـــە خوارەوە. ئەم پەندە لەســـەر هەموو ئەو دەســـەڵاتدارانە دەچەسپێت كە بەسەر شـــانی خەڵكییەوەن و بەهەردوو پێیان شەق لە سنگ و پشتیان دەدەن و، بەڵێـــن و پابەندبوونەكانیـــان لەبیرخۆیان بردۆتەوە لەو كاتەدا دەسەڵاتداران متمانەی خەڵكی دەدۆڕێنن سەرلەنوێ بۆ رزگاربوون لەو كەسانەی كەبەسەر كۆڵیانەوەن خەبات دەكەنەوە.

ئەم بۆچوونانەم هەرەشە نین لەكەس بەڵكو وەك خوێنەرێكی یا توێژەرێكی مێژوویـــی درێژی عێراق دەیڵێم كە مێژوویەكی درێژی لە هەزاران ســـاڵ پێش ئێســـتاوە لەحوكمی سیاســـیدا وەك ئەزموون بۆ ماوەتەوە، هەر لەســـۆمەرییەكانەوە تا ئەمڕۆ. بەدواداچوونم لەســـەر لە ٩٩٪ی دەسەڵاتدارانی عێراق كردووەو شـــارەزایم لێ هەیە، لەســـاڵی ١٩٢١ەوە كە عێراقی تازە ٣٧ ســـاڵ رژێمی پاشـــایەتی بەڕێوەی دەبرد، هەر لەساڵی ١٩٥٨ تا ٢٠٠٣ چوار ســـەرۆكایەتی كۆماری بەدوادا هات لەساڵی ٢٠٠٣ دا سەرۆكایەتی كۆماری پێنجەم لەبەغدا راگەیەنرا كە ئەوانەی پێشـــوو هەموویان كەموكوڕی ناوخۆیی رووخاندنی . ئایا دەسەڵاتدارانی كۆماری پێنجەم لەو رژێم و دەسەڵاتدارانەی پاشـــایەتی و چوار كۆمارەكەی پێشوو پەند وەردەگرن ؛ ئومێدم وایە پەند وەربگرن ئەگینا كارەســـاتەكە بەرنامە بۆ داڕێژراوەو لەمێژووەوە بۆ ئێستا درێژبووەتەوە.

كوردەكان بەخەبات و تێكۆشانێكی پڕ لە قوربانی و ئازارەوە و بەپاڵپشـــتی هێزە سیاسییە عێراقییەكانی تر زۆر دەستكەوتی گرنگیان بۆ مافەكانی خۆیـــان بەدیهێنا، دژ بەو هێزانەی كە فاشـــی و رەگەزپەرست و جینۆسایدكاربوون. بەڵام لەم دواییەدا خێرا تورەیی و بێزاری بەرووخســـاری كۆمەڵێك هێزی سیاسی نەتەوەیی و ئیسلامی سیاسی عێراقییەوە دەركەوت كاتێك بەڕێز مسعود بارزانی بەروون و ئاشكرا لەبارەی مافی گەلی كوردەوە بـــۆ دیاریكردنی چارەنووس لێدوانـــی دا . لەكاتێكدا جەختی لەسەر ئەوە دەكردەوە كە گەلی كورد فیدرالییەتی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقـــی دیموكراتی پەرلەمانیدا هەڵبژاردووە، كەچی بەلای ئەو هێزانەوە وەك بروســـكەیەك وابوو لە تەپڵی سەریانی دا، ئـــەوان پێیان وابـــوو ئەم لێدوانە بـــۆ یەكەمجارە دەدرێت و جۆرەها تەفسیری هەڵەیان بۆ كرد.

مافی چارەی خۆنووسین یەكێكە لەو دروشمانەی كە حزبی شـــیوعی عێراقی پێش ئێســـتا بەرزی كردبۆوە، كە بێگومان چارەنووسی كوردە نەك هی كەســـی تر، كوردیش یەكگرتنیان لەنـــاو دەوڵەتی عێراقـــی مەدەنی و دیموكراتـــی و فیدرالیدا هەڵبـــژاردوە، بـــەو مەرجەی بەئـــازادی و دیموكراتی و لەژێر ســـایەی مافەكانی مرۆڤدا وەك هەمـــوو گەلانی تری عێراق بەیەكسانی بژین.

ئـــەم بیروباوەڕانەش لەناو دەوڵەتی نوێی عێراقدا پەرت پەرت ناكرێـــن هەموو ئەو هێزانەش كە هاوپەیمـــان بوون بۆ ڕوخانی رژێمی سەدام بەباشـــی دەزانن كە كورد بەبەردەوامی بەیداخی مافی چارەی خۆنووسینیان بەرزكردۆتەوە و لەهەردوو بەرنامەی پارتی و یەكێتی دا چەســـپێنراوە، هەروەها لەبەرنامەی حزبی شیوعی كوردستانی و حزبی شیوعی عێراقیشدا بوونی هەیە.

وێڕای هەبوونی ئەم مافە لە دیكۆمێنت و بڕگەنامەكانی نەتەوە یەكگرتووەكاندا، ئیتـــر ئەم هێرش و لێدوانانەی لەدژی ئەو لێدوانە دران پڕبوون لە شـــۆڕەیی و نەزانیی بۆ خاوەنەكانی، هەر لێدوان لەسەر ئەم دروشـــمە مالیكی و عەلاوی لەژووری داخراودا كۆكردەوەو لەچەند دانیشـــتنێكی گومناویدا كە هیوا دەخوازم وا نەبێت

كۆبوونـــەوە، وەك ئەوەی لـــەم كۆنگرەیـــەی دوایی پارتی دیموكراتی كوردســـتان باسی لێوەكراوە پێشـــتر نە وترابێت، كە خۆیان كاتێك لە ئۆپۆزســـیۆنی سیاســـی دژ بەحوكمی سەدام حوسێن بوون بەهێزترین لایەنگری ئەم بۆچوونە بوون.

لێرەوە دەڵێم ئەوەی لەبەغـــدا روودەدات هەر لە هێرش كردنە ســـەر فەرهەنـــگ و ژیانـــی دیموكراتی تا كـــەم كردنەوەی ئازادییەكان بەتایبەت ئازادی تاكەكان یان رێگرتن لە وتنەوەی وانەی مۆسیقاو گۆرانی و شانۆ یا ئەوانەی لەشارەكانی بەغدا و بەسراو بابل بۆ شكاندنی دەستووری عێراقی جێبەجێ دەكرێن یا ئەو ئەندامانەی كە بەعسییەكی سەرسەخت بوون و ئێستا لە رێی حزبە ئیســـلامییەكانەوە هاتوونەتەوە سەر حوكم یا ئەوەی بەهۆی یەكێتی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق روودەدات بەهەموویان هەڕەشـــەیەكی راســـتەوخۆن بۆ هەمـــوو ژیانی دیموكراتی لە عێراق دا.

پســـپۆڕان باش دەزانن كشانەوە لە دەســـتكەوتەكان پلە پلە روودەدات تا دوا جار دەبێتە ئاراســـتەیەكی خنكێنەر گەر بێتوو هەڵوێســـتی سیاســـی بەربەســـت دانەنێت بۆ ئەو كارانەی كە ئـــازادی و دیموكراتی و مافی مرۆڤ و مافەكانی نەتەوەكان و ئاسایشـــی كۆمەڵایەتی و ئاشتی تێك دەدەن. لێرەوە پێویستە هەموو هێزە دیموكراتییەكانی عێراق ئەوانەی لە دەســـەڵات دان یا لە دەرەوەی دەسەڵات دەست لەناو دەست بنێن رێكخراوەكانی بزاڤی دیموكراتی بەهێز بكەن كە لە پێكهاتەكانی گەلی عێراق دروست بوون تا دیوارێك بەڕووی هەموو ئەو كەسانەدا دروست بكەن كـــە دیكتاتۆریەت دەهێننەوە . ئەو دەســـتكەوتانەی كە لەكوردســـتان و لە عێراقـــدا وەدیهاتون بپارێـــزن، لایەنگرانی ئاینەكانـــی مەســـیحی و یەزیدی و ســـابیئەی مەندائی كە لەشاروشـــارۆچكەكانی ســـەر بەپارێـــزگای موســـڵ دەژین لەبەردەستی هێزو گروپە تیرۆرستەكان رزگار بكرێن..

# کۆیە..

## هەشت ساڵە چاوەڕێی تەواو بوونی پرۆژەی ئاوی

قشـــڵەو قەیسەریی و خانەو گەرماوەکان و شـــوێنەوارەکان بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرن بۆ گرنگی و ڕەسەنایەتی دێرینی شاری کۆیە، کەلەسەردەمەکانی مێژووییدا ڕێڕەوێکی سەرەکی بازرگانی بووە.
ئەم شـــارە پێگەو قوتابخانەیەکی زۆری زانســـتی هەبووە، ئەمەش لە رووی فەرهەنگییەوە بەڵگەی شارســـتانیەتی و پێشـــکەوتوویی شـــارەکەیە. کۆیە لەرووی سیاسی و نەتەوەییشەوە ڕۆڵی لەخەباتی شۆڕشـــگێڕی و بەرخودانداا هەبووە، هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی کۆیە یەکێك بوو لە قەزا دێرینەکانی عێراق بەڵام ســـیفەتی قەزایان لێ ســـەندەوە، بەم هۆیەشەوە خەڵکێکی زۆر لە دانیشـــتووانی کۆیە بەرەو شارەکانی تری کوردستان کۆچیان کردووە. کۆیە بێجگە لەوەی ناوچەیەکی کشتوکاڵی و گەشتوگوزارییە، خاوەنی سامانی سروشتی نەوتیشە،. شاری کۆیە ناحیەکانی (شۆڕش و سکتان و ئاشتی



# خـواردنەوەیە و شوێنەوارەکانیشی لەمەترسیدایە

و تەق تەق و سێ گردکان) و نزیکەی ٢٠٠ گوند لەخۆ دەگرێت، ئێستاکە ژمارەی دانیشتووانی پتر لە ٥٣ هەزار کەسە. بەڵام کەمی بودجە دەرئەنجامێکی خراپی بەســەر خزمەتگوزارییەکانەوە بەجێ هێشتووە، ئەوەتا ١٠ ساڵە پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی کڵێسە تەواو نەبووە، لەهەموو کۆیەدا یەك ئۆتۆمبێلی سەلەی کارەبایی بۆ چاکردنەوەی کارەبا و ستوونەکانی کارەبا نییە. شــارەوانی و ڕێگاوبانی شارێکی وەکو کۆیە بەیەك شۆفڵی مۆدێل ٨٠ بەڕێوەدەچێت، هۆکاری ئەو هەموو زێدەڕۆییە چییە کە تەنانەت سەرپێچی کراوەتە سەر ئەو ڕووبەرە زەوییانەی بۆ پرۆژەکانی خزمەتگوزاری هاووڵاتییان و دروســتکردنی پارك و قوتابخانەو باخچەکان دابینکراون؟ بۆچی لەزستاندا زۆربەی دانیشتووانی گوندەکان کۆچ دەکەن؟
داواکاری و پێداویستییەکانی هاووڵاتییان لەم شارە ڕۆشنبیریی و بازرگانیی و گەشتوگوزارییەدا چییە؟





قایمقامی کۆیە بۆ (گوڵان):

# دیاردەی زیدەڕۆیی لە کۆیە لەهەموو شوێنێک زیاترە و سیمای شاری تێکداوە

**کۆیە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە چۆن قەرەبوودەکرێتەوە؟**

لەســـەردانێکی تیمی (گـــوڵان) بۆ کۆیە چاومان کەوت بەژمارەیـــەك لە هاوولاتییانی شارەکە کە چەندین داواکارییان هەبوو، تەنانەت لەبوارەکانـــی خزمەتگـــوزاری و کەوتنەوەی کێشەی بێکاری لەو شارەدا ئاماژەیان بەچەندین کەموکوڕی کرد، لەدیدارێکـــدا ئەم تەوەرانەو چەندیـــن بواری دیکەمـــان لەگەڵ ( چاپوك عومەر مســـتەفا ) قایمقامی کۆیە وروژاند؛ سەرەتا بەڕێزی سەبارەت بەهۆکاری لاوازی و خراپی ژێرخانی خزمەتگوزاری لە شـــارەکەدا وتی: کۆیە شـــارێکی رۆشنبیری و بازرگانی و شارســـتانی بووەو لەخەباتی شۆڕشـــگێڕی و نەتەوایەتیـــدا پێگەیەکـــی بەهێزی هەبووە، بەدرێژایـــی مێژوو حکومەتی عێراق ســـزای سیاسی لەســـەرداناوە و هەوڵیداوە شارەکە تێك بدات و گرنگی بـــەکارە خزمەتگوزارییەکانی نەداوە، بەتایبەتـــی ڕێگاوبانەکانی زۆر خراپ و بێســـەروبەر بووەو هەلی کارکردنی تێدا کەم بووە، لە ئەنجامدا دانیشتووانەکەی بۆ گەڕان بـــەدوای کارو ژیانێکی خۆش کۆچیان کردووە بۆ شـــارەکانی تری کوردســـتان بەتایبەت بۆ هەولێر، کەمبوونەوەی ڕێـــژەی خەڵکی کۆیە لەلایـــەن رژێمی عێراقەوە پلان و بەرنامەیەکی بۆ داڕێژرا بوو، ئەمەش پتر مەبەستی سیاسی لە پشـــتەوە بووە بۆ ئەوەی خەڵکەکە و شارەکە بەگشـــتی لەپەراوێزیدا بهێڵنەوە، بۆیە ئێســـتا کە پێویســـتە پلان و بەرنامـــەی تۆکمەی بۆ دابنرێت و قەرەبوو بکرێتەوە بەتایبەتی لەلایەنی خزمەتگوزارییەکانیدا.

**کۆیە ماوەی ١٠ ساڵە چاوەڕێی پڕۆژەیەکی ئاو خواردنەوەیە**

زۆر لە گەڕەکەکانـــی کۆیە گرفتی ئاوی خواردنەوەیـــان هەیـــە، هاووڵاتییەك پێی وتین مـــاوەی ١٠ ســـاڵە پێمان دەڵێـــن پڕۆژەیەکی ســـتراتیژی ئاو خواردنەوە بۆ شـــارەکە ئەنجام دەدرێـــت..، زۆربـــەی پرۆژەکانـــی تریش لە ســـاڵەکانی حەفتاکان ئەنجـــام دراون، لەگەڵ گەورەبوونی شارەکەو زیادبوونی داواکاری لەسەر ئـــاوی خواردنەوە ئەم پرۆژانـــە ناگونجێت، لە قایمقامی کۆیەمان پرسی: بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە بەرنامە و پرۆژەتان چییە؟ بەڕێزی پێی راگەیاندین:

وەکـــو ئامـــاژەم پێـــدا لەســـاڵی (١٩٨٠) ە حکومەتی عێراق هیـــچ جۆرە گرنگییەکی بە کۆیە نەداوەو، یەکێـــك لەم بوارانەش ئاوی خواردنەوەیـــە، تەنیـــا ئـــەو پـــرۆژەی ئاوی خواردنەوەیەی هەیە کە لە ســـاڵانی ١٩٧٠ لە تـــەق تەقەوە بۆی هاتـــووە، چونکە حکومەت لە هەوڵـــی تێکدانـــی دابووە، هـــەر بۆیەش لەســـاڵی (١٩٨٧) کردیەوە بەناحییە. لە دوای راپەڕینیش تا ئازادی عێراق بەهۆی بارودۆخی کوردســـتانەوە کارو پڕۆژەی بەپێی پێویســـت بۆنەکراوە، بـــەڵام لە دوای (٢٠٠٣) بەتایبەتی ئێستا کە بە بڕیار پڕۆژەیەکی ستراتیژی ئاوی خواردنەوەی بۆدەستەبەرکراوە بەناوی پرۆژەی

ئاوی خواردنەوەی کلێسـە، ئەم پرۆژەیە نەك ماوەی چوار ساڵە جێبەجێ نەکراوە بەڵکو پتر لە(٨) ساڵە خەریکی ئەم پرۆژەیەین، بەڵام تەنیا سـاڵ و نیوێکە بە فیعلی کاری تێدا دەکرێت و نازانین کەی تەواو دەبێت، لەم پرۆژەیەشـدا حکومەتی کوردسـتان و لایەنی پێوەندیدار و پارێزگای هەولێر زۆر هاوکارییان کردوین و بە پەرۆش بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە لە زووترین کات و بەباشترین شێوە..

## گرفت و کێشەیی پەروەردە و قوتابخانەمان هەر ماوە

بەهۆی ناهاوسەنگی لەدابەشبوونی ژمارەی دانیشـتووان ئەو قوتابخانانەی کە دروسـتکراوە بەپێی دابەشبوونی ڕێژەی ژمارەی قوتابیان نییە لەشارەکەدا، بوونی زێدەڕۆیی نا هاوسەنگییەکی ڕادەبەدەری لێکەوتۆتـەوە بەرادەیەك کاریگەری لەسەر کەرتی پەروەردەش دروستکردووە، سەبارەت بەگرفتی بینایەی قوتابخانەکان و کەمی میلاکات قایمقامی کۆیە وتی: لە دروستکردنەوەی شاری کۆیەدا ناهاوسەنگییەك هەیە، لە دوای ڕاپەرینەوە کە دانیشـتووانی گوندەکان ڕوویان لە شار کرد، گەڕەکێکی زۆر بە زێدەڕۆیی دروسـتکرا، ئەو گەڕەکـە زێدەڕۆیانـە هاوسـەنگی ئەندازەیی شارەکەیان شـێواند و تێکیان دا، مەبەست لەوەیە گـەڕەك هەیە ژمـارەی دانیشـتووانی زۆرە و شـوێنی خزمەتگوزارییەکانی پارك و قوتابخانە و باخچەی سـاوایان و. تاد لـە لایەن خەڵکەوە بە تەجـاووز کراوەتـە کۆلیتەوخانوو، بەمەش نەتوانـراوە بینایەی قوتابخانەی لێی دروسـت بکرێت لەو کاتەدا کێشـەکە پتـر زەق دەبێتەوەو دیار دەبێت و بۆ چارەسەرکردنی قوتابخانەکان و سێ دەوامی کە لە گەڕەکێکی تر کە زێدەڕۆیی تێدا نەبێت قوتابخانە دروسـت دەکەین، بەمەش چارەسـەری گەڕەکەکانی تـر ناکرێت، چونکە قوتابیانی گەڕەکەکان ناتوانـن هاتوچۆ بکەن، سەرەڕای ئەمەش ئێستا دوو قوتابخانەی گەورەو نموونەیی یەکێـك لە ناحیەی تەق تەق و ئەوی تر لە ناو کۆیە دروسـت دەکرێت، قوتابخانەکەی کۆیە بەردی بناغەشی بۆ دانراوە و کاری لەسەر دەکرێـت و بودجەکەی دوو ملیـارو نیو دینارە، بۆیـە دووبارە لێرە جەخـت دەکەمەوە کە گرفت و کێشـەی پەروەردە و قوتابخانەمان هەر ماوە، چونکە شـارەکە بـە ناهەوسـەنگی ئەندازەیی گەشـەی کردووە ژمارەی دانیشتووانی لەمە زیاتـرە کە قوتابخانـەکان بتوانن هاوسـەنگی ڕابگرن، هـاوکات کێشـەیی میلاکاتمان هەیە بەتایبەتی لە مامۆستای بیرکاری و فیزیایی و کیمیا کەموکوڕیمان هەیە و پێویستمان بەوە هەیە ئەو پسپۆڕانەمان بۆ دابمەزرێن وبۆمانی بنێرن لە بری مامۆسـتای وانەکانی زانستی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی.

## لەنەخۆشخانەکان پزیشکمان کەمە

کەرتی پزیشـکی یەکێکە لـەو بوارانەی کە لە هەرێمی کوردسـتان بایەخی پـێ نەدراوە، بەڕادەیەك هاووڵاتییان ناچارن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشـەکانیان لەگوندەوە بۆ ناحیەو لەوێشەوە بۆ قـەزاو شـارو بگـرە دەرەوەی وڵات ببەن، شـاری کۆیەش بەهەمان شێوە گرفتی نەبوونی میلاکاتی دکتۆری هەیـە، بەڕێز چاوێك پێی وایە تا گرفتی میلاکات لەکەرتی تەندروسـتی چارەسـەر نەکرێـت ناتوانرێت بڵێیـن کەرتی تەندروستی پێشکەوتووە، لە بواری پزیشکی لە بینایە و ئامێردا باشین، بەڵام کارمەند و پزیشکی پسپۆڕ و شـارەزامان زۆر کەمە و پێویستیەکی هەنووکەیی و خێرایە بۆ شـارەکە، بەگشتی لە نەخۆشخانەکان پزیشکمان کەمە.

ئەمەو بەڕێزی سەبارەت بەمیلاکات کە بۆتە یەکێ لەگرفتە سەرەکییەکان وتی: بە شێوەیەکی گشـتی لە هەموو بوارەکان گرفتی میلاکاتمان هەیـە؛ بەتایبەتـی لەکارەباو پزیشـك و ئاو و شارەوانی.

بۆ نموونـە لە هەموو شـاری کۆیە تەنیا شەش ئاو بەردەرەوە هەیە و کارمەندی کارەباشمان کەمە، بۆیە داوای دامەزراندنی (٤٣) کەسـمان کرد، بۆیان نەکردین، ئێسـتا کردوومانەتە شەش کـەس هەر بۆیـان دانەمەزراندوین و بە هەموو کۆیە یەك ئۆتۆمبێلی سـەڵەی کارەبامان نییە، بۆیـە کارمەند و کرێکارەکانـی کارەبا بە پەیژە کار دەکەن هەر بۆیە هەر ماوەیەك یەکێك کارەبا لێی دەدات و چەندین جارە نووسراومان کردووەو داوا لەسەرو خۆمان دەکەین تا ئێستا بۆیان دابین نەکردووین.

## ئەو کەسانەی کە بۆ خزمەتکردنی شارەکە پێویستمانە بۆمان دانامەزرێنن

دۆزینەوەی هەلی کارو چارەسەرکردنی بێکاری یەکێکە لەو گرفتانەی کە کۆیە بەدەسـتییەوە دەناڵێنێت، چۆن هەوڵدراوە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بەتایبەتـی بۆ ئەو گەنجانەی کە سـاڵانە لە کۆلیژ و پەیمانگاکان دەردەچن، هاووڵاتییان بەتایبەت ئەو گەنجانەی کە تازە بوونەتە خاوەنی بڕوانامەو لە پەیمانـگاو زانکۆکان دەرچوون لە وەڵام نەدانەوەی داواکانیان بێزار بوون، لەمبارەیەوە قایمقامی کۆیە بـێ ئومێدی خۆی دەربڕی و پێـی وابـوو: هاووڵاتیان بەتایبەتـی گەنجان بێزار بوون لـەوەی ئەوندە هاتـن و نەمتوانی دایانبمەزرێنین. لە دامەزراندن ئەوانەی پرسمان پێدەکرێـت بۆمان جێبەجێ ناکـەن، بۆی هەیە هەندێ دامەزراندن هەیە بیکەن کە پرسـمان پێ ناکەن، ئەو پێویسـتیانەی لە دامەزراندن بەرزی دەکەینەوە ئەوانەمان بۆ ناکەن کە زۆر پێویسـتن بۆ خزمەتکردنی ئیدارەی شارەکە.

**باشە بەم وەرزی زستانە و ژووری قایمقام چۆن دەبێ بەبێ کۆمبار بێت**

## هیچ جیاوازییەك لە دەسەڵاتەکەم نابینم لەوەی پێشتر هەبووە

باشـە ئەنجومەنی وەزیران لەچەندین بۆنەدا تەئکیدی لەسـەر ئەوە نەدەکردەوە کە پێویسـتە دەسـەڵاتی ئیداریی دابەزێنرێتە خوارەوە، ئایا ئێستاکە دوای دەرکردنی ئەو بڕیارە هیچ جیاوازی لە دەسەڵاتەکەت هەیە، بەڕێزی دەڵێت:

تا ئێسـتا هیچ جیاوازییەك لە دەسەڵاتەکەم نابینم لەوەی پێشـتر هەبووە، لەگەڵ ئێستا ئەو بڕیارەی باسـی دەکەین تەنیا شکڵیە لە ڕووی پراکتیکیـەوە کاری پـێ نەکـراوە لە ڕووی داراییەوە دەسـەڵاتمان نییە، تەنیا سێ ملیۆنی خەرجـی هەیە و لـەو ماوەیەدا لـە وەزارەتی ناوخۆ داوامکردوە کومبارێك بۆ ژوورەکەم بکڕن لەوێشـەوە بەرزکراوەتەوە بۆ داراییـی ئەوانیش دەڵێـن ئێمە کۆمبار ناکڕین، باشـە بەم وەرزی زسـتانە و ژووری قایمقام چـۆن دەبێ بەبێ کۆمبـار بێـت، لەلایەکی ترەوە هەر ئێسـتاکە (٢٠) حاڵەتی زەروری هەیە دەبێ دەسـتبەجێ چاکیان بکەینەوە لەمانە شوێن هەیە پڕ بکرێتەوە یان چوارڕیانی ناوشـار و شەقام و کۆڵان هەیە دەبێ ڕێك بخرێتەوە بۆ ئەمانە دەبێ بودجەیەکی بەردەست هەبێ تاوەکو ئەنجامی بدەین و گلەیی و گازاندەی هاووڵاتیانمان دێتە سـەر گەرچی ناتوانین، چونکە پارەمان نییە.

هەروەهـا بودجەی پەرەپێدانـی پارێزگایش نووسـراو لەماوەی شـەو ورۆژێکـدا داوایان لێکردوین کە داواکارییەکان بکەینە نووسـراو و ڕەوانەی پارێزگای بکەین لەو کاتەشـدا تووشی بێ ئومێدی و هەڵوەستەیەك دەبین، ئێمە لەسەر هەولێریـن بەڵام کێشـە و گرفتـی وردەکاری دوو ئیدارەی مـاوە، بەڕاوبۆچوونی من دانانی مووچەی فەرمانبەران لە قەزایەك بۆ قەزایەکی تر جیاوازی هەیە بۆ نموونە ئەگەر پزیشکێکی پسـپۆڕ بە مووچەی باش لە کۆیە دابمەزرێت بۆچی چاوی لەوەیە بچێتە شـارەکان، بەڵام لە کاتێکدا مووچەی پزیشـك لە قـەزاو ناحیە و شاری تر جیاوازی نەبێت بێگومان ئەوە شارەکە هەڵدەبژێرێت و مافی خۆشیتی.

## ڕێگاوبانەکان پێسەروبەرن

لە کۆنەوە و تائێسـتاش ڕێگاوبانەکانی نێوان گونـد و ناحیـە و کۆیە باش نییە، سـەبارەت بەخراپی ڕێگاوبانەکان بەڕێزی وتی: تا ئێستاش ڕێگاوبانەکانـی سـنوورەکەمان زۆر خراپە و بە هەموو مواسـەفاتێك ڕێگاوبانەکان بێسەروبەرن لەم ڕێگاوبانانە هاووڵاتیان تووشی زەحمەتێکی



زۆر دێن، بۆ چاككردن و رێككردنی رێگاكان داوای شۆفەڵ و بلدۆزەرێكم كرد تائێستا بۆیان دابین نەكردوین، چونكە ئێمە تەنیا یەك شۆفەڵی مۆدیل (٨٠)مان هەیە، ئەویش بەكەڵكی كاركردن نەماوە، بەڵام ئەمساڵ پلان و بەرنامە و پرۆژە دانراوە بۆ دروستكردنی جووت سایدی هەولێر- كۆیە و چاككردنەوە و نۆژەنكردنەوەی لۆفەكانی هەیبەت سوڵتان و رێگای دۆڵی سماقوڵی و چەندین رێگای تری ناحیە و گوندەكانی سنووری قەزای كۆیە، بێگومان بە دروستكردنی جووت سایدی هەولێر- كۆیە و ناوچەكە دەبێتە بنەمایەك بۆ رەخساندنی زیاتری هەلی كارو بازرگانی كردن و كۆچكردنیش كەم دەبێتەوە، چونكە تا ئێستاش رۆژانە خەڵك لە كۆیە بۆ هەولێر و شارەكانی دیكە كۆچ دەكەن.

**ئەو وەبەرهێنانانەی كە خانووەكان دروست دەكەن لەكاركردندا خاوو خلیچكن**

- لایەنێكی دیكەی گرنگ لە كۆیە پرۆژەكانی وەبەر هێنانە دەربارەی ئەم پرسە قائیمقامی كۆیە گووتی : من سەردانی سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنانم كردووە،بۆ ئەوەی دوو هەزار یەكەی نیشتەجێبوون لە كۆیە دروست دەكەن كە دراوەتە كەرتی تایبەت، بەڵام ئەو وەبەرهێنانانەی كە خانووەكان دروست دەكەن لەكاركردن خاون و ئەوانیش دەڵێن كێشەمان هەیە، بەڵام لێرەدا من دەڵێم دەبێ سیاسەتی وەبەرهێنان لە شارێك بۆ شارێكی تر یا بۆ قەزایەك جیاوازی هەبێت وا بكەین دەستی وەبەرهێنەر رابكێشین نەك تەنیا بۆ خانوو بەڵكو بۆ سوپەرماركێت یا بازاڕ و مۆلێكی بەرفراوانی هاوچەرخ و زۆركاری دیكە، ئەگەر بە ئیستیملاكیش بە وەبەرهێنەری بدەین هەر قازانجی ئێمە و شارەكەیە، پێویستە لە پرۆسەی وەبەرهێنان چاودێری و لێپێچینەوەی توند هەبێت و من ئەگەر دەسەڵاتیشم لەمبارەوە پێ نەدەن لەگەڵیان توندم، چونكە مەبەستی سەرەكیمان خزمەتكردنی كۆمەڵگاكە و شارەكەمانە هەر لەم ماوەیەدا بۆ بەڵێندەرەكانی لەم خانووانە كار دەكەن سزایان بۆ دەرچووە.

ئەوەی سەرنجماندا لە زۆربەی قەزاوناحیەكان تا دەگاتە شارەكانیش دیاردەی زێدەڕۆیی هەیە، قایمقامی كۆیە لەمبارەیەوە دەڵێت:( بێگومان لەكۆیە زێدەڕۆیی زۆر كراوە لە ئاستێكدایە

**ئەگەر بودجەیەكی باش بۆ شوێنەوارەكانی شاری كۆیە دانەنرێت ئەو شارە كۆنەمان لەدەست دەچێت و خاپوور دەبێت**

لە هەموو قەزاوناحیە و شارەكانی تر زیاترە و كاریگەرییەكی زۆر خراپی لەسەر شێوەی ئەندازەیی دروستكردووە كە ناهاوسەنگی تێدا هاتۆتە كایەوە و كاریگەری لەسەر بواری خزمەتگوزاری و پەروەردە و تەندروستی و. تاد دروست كردوە و من زۆر بەخراپی لە دەستی دەناڵێنم و زۆر بە توندی ڕامگرتووە بۆ ئەوەی زیاتر نەبێت، بەڵام تا ئەوكاتەی لە دەسەڵاتی سەرەوە بڕیارێك نەدرێت بۆ تاپۆكردن و چارەسەركردنی ئەم گرفتە، ئەوە كاریگەری نێگەتیڤانەی خۆی دەبێت و لەلایەكی ترەوە ئەگەر هەزارەها پارچە زەوی تر دابەش بكەین، بەڵام خزمەتگوزاری بۆ ئەو گەڕەكە تازانە نەبن ئەوە ناتوانین لە ناو شار وهەندێ گەڕەك هەیە پێش لە زێدەڕۆیی بگرینەوە و بنەبڕی بكەین و ئێمە بە(٥ تا٦) ساڵی تریش ناتوانین هەموو خزمەتگوزارییەكان بۆ گەڕەكە تازەكان ببەین یا لەو شوێنانەی زەویمان لێی دابەش كردوە، ئەگەر سەیری ئەو قەرەباڵغی و خنكاندنەی ناو شار بكەیت، پێویستی بە چارەسەركردنی بەپەلە هەیە، ئەگەر ئەمەشی بۆ نەكەیت ئەوە خەڵكەكە بە ئارەزووی خۆی هەڵسوكەوت و زێدەڕۆیی دەكات یان شارەكە بەجێ دەهێڵێت و كۆچ دەكات، لە هەردوو حاڵەتیشدا زۆر مەترسیدارە بێ ئومێدی دەخاتە بەردەمی خەڵكەكە.



سەبارەت بەبواری کشتوکاڵ بەڕێزی وتی: کێشەی کشتوکاڵ لە کوردستان کێشەیەکی ناوەندی و گشتیە لەسەرەتادا پێویست بەوە دەکات گوندەکان ئاوەدان بکرێتەوە و دانیشتووانەکەی بگەڕێتەوە، لەگەڕانەوەی جووتیار بۆ گوندەکانیان سەرکەوتوو نەبووین، چونکە لەماوەی تێکچوونی گوندەکان و تا ئاوەدانکردنەوەیان نەوەیەکی تازە پێگەیشتووە کە فێری ژیانی شار بووە ناتوانێ بە بەردەوامی یان هەندێکیان بەکاتیش لە گوند بمێننەوە، ئەگەر هاتوو هەموو خزمەتگوزارییەکیش هەبێت بۆ نموونە گوند هەیە قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و ئاوی خواردنەوەی بۆ دابین کراوە، بەڵام کە سەیر دەکەی تەنیا دوو، سێ ماڵ لە وەرزی زستانان لە گوندەکە هەن، ئەمەش پتر دەگەڕێتەوە بۆ داهاتی خێزان و تاکەکەسی و هەلی کارکردن کە لە شارەکان زیاترە لەوەی لە کاری جووتیاری دەستیان دەکەوێت لەلایەکی تر بازاڕی فرۆشتنی بەروبوومی کشتوکاڵ و کارگەی پیشەسازی خۆراکیمان نییە تاوەکو ببێتە پاڵپشت و هاندەر بۆ جووتیاران. بەواتایەکی تر تا ئێمە بازاڕی بەرووبوومی کشتوکاڵی و کارگەی پیشەسازی خۆراکیمان لە کوردستان نەبێت لە بواری کشتوکاڵ سەرکەوتوو نابین، چونکە ئێمە تا ئێستاکەش هەموو بەروبومێکی سەوزە و میوەمان لە وڵاتان بۆ دێت تا ڕادەیەکی ئاوا کە لە بیابانی کوێت پیاز بۆ کوردستان دێت، گەرچی ئێمە نەمانتوانیوە کە باشترین و جوانترین بەرهەمی میوەجاتمان هەیە بینێرینە دەرەوە ئێمە وەکو کۆیە شاری مووچەین کە سەری مانگ دادێت خەڵکەکە دڵی خۆشە و ڕووی گەشە کە دەگاتە (١٥)مانگ تا دەگاتەوە سەری مانگ هەست بە ئاسوودەیی ناکات و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەڵکەکە مەزاجی بێت، تائێستا شارێکی ئاوا کۆن کارگەی پیشەسازی تێدا نییە، خەڵکەکە بەگشتی لەسەر مووچە دەژیت و لە(١٥) مانگەوە بازاڕ نامێنێت.

### شوێنەوارەکان فەرامۆشکراون

شاری کۆیە قەیسەری و باڵەخانە و شوێنەواری زۆری تێدایە و تائێستا بە دەگمەن دەستی نۆژەنکردنەوە و پاراستنی گەیشتوەتێ، وەکو باسی دەکەن زۆربەی بەرەو ڕووخان دەچێت، لەمبارەیەوە قایمقامی کۆیە بەگوڵانی ڕاگەیاند:

- تا ئێستا کەس بە دەنگی ئەم شوێنەوارانە نەهاتووە، لە کۆیە قەڵای کۆنمان هەیە کە لە قشڵە زۆر کۆنترە و گرنگترە تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە و بودجەی بۆ تەرخان ناکرێت و لە سات و قەڵا ئەمساڵ پارچە بەردی نیومەتری دۆزراوەتەوە کە وێنە و نووسینی لەسەرەو دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا کەچی دەڵێی ئێستاکە دروستکراوە، ئەگەر بودجەیەکی باش بۆ شوێنەوارەکانی شاری کۆیە دانەنرێت ئەو شارە کۆنەمان لەدەست دەچێت و خاپوور دەبێت، چونکەئەم شوێنەوارانە سەرمایەیەکی نەتەوەییە و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە هەر ئەمساڵ دوو فلیم لە شارە کۆنەکە دەرهێنراوە.

لە کۆتایدا لەو چاوپێکەوتن و راپۆرتانەی لەگەڵ من دەکرێت چ ئەوەی دەینووسێت و ئەوەی دەیخوێنێتەوە چ لە بەرپرسان و چ ئەوانەی خوارەوە بە تەشەنوجەوە تەماشای وتە و قسەکانم نەکات، بەڵکو با بە چاوێکی رەخنەگرانە و بە مەبەستی چارەسەرکردن و پێشخستنی بارودۆخەکەیە.

**لە هەموو بوارەکان گرفتی میلاکاتمان هەیە؛ بەتایبەتی لەکارەباو پزیشك و ئاو و شارەوانی**

# ئەشكەوتی جعیێتــای لوبنانی بەنیازە لـــە حـەوت شـــوێنـە سروشتیە




# ببێت بە یەکێک سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان

گوڵان – ئەشکەوتی جعیتا - بەیروت







رەنگە گرنگیدان بە ئەشـکەوتەکان لە لایەن مرۆڤەوە بەشـێک لە هۆیەکانی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەشکەوت بە سەرەتای ماڵ و لانکەی مرۆڤ دادەنرێت، یەکێک لەو ئەشکەوتە سەرسوڕهێنانەی بەسەر گۆی زەوییەوە هەن ئەشکەوتێکە ٢٠ کیلۆمەترێک لە باکووری بەیروتەوە دوورە و دەکەوێتە دامێنی دۆڵێکەوە کە بە دۆڵی (ئەلکەلب) ناسـراوە، ئەشـکەوتەکە پێی دەوترێت (جعێتا)و گرنگترین وێـستگەیە بۆ راکێشانی گەشتیاران بە درێژایی چوار وەرزانی ساڵ لە لوبنان، ئەشکەوتەکە بە ئاستێک سەر سوڕهێنەرە کە هەندێک پێیان وایە دەبێت وەک حەوتەمین شوێنە سروشتیە سەرسوڕهێنەکانی جیهان سەیر بکرێت، ناوەوەی ئەشکەوتەکە بە کلسە ئاوی داچۆڕاوی ملیۆنەها ساڵی بانە بەرزەکان کەداچۆڕاوەتە ناو جەرگی چیاکانەوە چەندین شێوەو هەیکەل و پێکهاتەی سەیرو سەمەرەی تێدا دروست کردوون، جگە لەو پەیکەرو هۆڵ و توحفەجوانکارییانەی لەوێدا هەن کە کارئاسـانی بەهۆی تیشـک و دەنگ و رێبەرەوە بۆ گەشـتیارانی دنیا دەکەن، تەلەفریک و شەمەنەفەر و بەلەم و باخچەی ئاژەڵان و موغازەی کەلەپووری و هۆڵی نمایشکردنی فیلم و پێشەنگای هونەریشی تێدان ساڵی ٢٠٠٢ لەبەر قەشەنگی ئەم ئەشکەوتە خەڵاتی لوتکەی گەشتوگوزاری جیهانی بە لوبنان دراوە، بەشی خوارەوەی ئەشکەوتی جعێتا پڕی لە ئاوی سازگارە، ساڵی ١٨٣٦ کەشف کراوە کاتێک ولیەم تۆمسۆنی موبەشیر چۆتە ناو ئەشکەوتەکەو لە قووڵایی ٥٠ مەترێکدا بە تفەنگێک فیشـەکێکی تەقاندووە بەهۆی دەنگدانەوەی فیشـەکەکە لە ناوەوەی دەهلیزەکانی ئەشـکەوتەکەدا زانیویەتی کە قووڵایی ئەشـکەوتەکە هـەزاران هـەزار مەترە، دواتریش ئەندازیارێکی سـەر بـە کۆمپانیای ئاودێری لە لوبنان بە ناوی ماکسـویل بە خۆی و گرووپێکی شارەزاوە ساڵی ١٨٧٣ بە درێژیی ٨٠٠ مەترێک چوونەتە ناو ئەشکەوتەکەو رێگەی چوونە ژوورەوەیان خۆش کردووە ؛ هەر بۆیە ستوونێک بە ناوی ماکسویل لە ناویدا هەیە،



ئەم جێگە سەرسـامەی گەشتیاری لە لوبنان بۆ ماوەی ٢٧ سـاڵ بەهۆی جەنگی ناوخۆیی لوبنانیـەوە قەپـات کرابـوو تا لە سـاڵی ١٩٩٥ بە دواوە دەرگای بە رووی گەشتیاراندا کرایـەوەو لە هەموودنیاوە خەڵک بۆ بینینی دێنە لوبنان، بۆ زیاتر تیشـک خستنە سەر ئەم شـوێنە سەرسـوڕهێنەی دنیـاو زانیاری وەرگرتنی زیاتر لەسـەر ئاستی گەشتوگوزار لە لوبنان، لەسەردانی ئەمجارەی پەیامنێری گوڵان بۆ لوبنان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ بەرێز د.نەبیل حەداد سەرۆکی کۆمپانیای (ماباس) ی ئەڵمانـی سـازداوە، کـە چەند سـاڵێکە کۆمپانیـای (ماباس) پـرۆژەی وەبەرهێنانی گەشـت و گـوزاری لە ئەشـکەوتی (جعێتا) بەڕێوە دەبات، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.







لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵان

## د. نەبیل حەداد

**(سەرۆکی کۆمپانیای ماباس ئەڵمانی بۆ وەبەرهێنان لە ئەشکەوتی جعیێتا):**

# کوردستان پێویستیی بە هەماهەنگی پسپۆڕان و وەبەرهێنانی دەرەوەیە تا لەئاستی گەشتیاری بە ڕووی دنیادا بکرێتەوە



**گوڵان:** حەز دەکەین قسەمان بۆ بکەیت لەبارەی مونتەجەعی «جعیێتا»، ئایا چۆنە لە لبنان؟

**نەبیل حەداد:** ئەشــــکەوتی «جعیێتا» بریتیە لە ٢ ئەشکەوتی کەم وێنە لەڕووەکانی پێکهاتەی جیۆلۆژی و جوانیی تۆپۆگرافییەتی شوێنەکە. ئــەم ئەشــکەوتە بۆشــاییەکی گەورەیە لەناو جەرگــەی چیاکەیە و تەمەنــی بۆ ملیۆنەها ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەو شێوە ئەندازیارییانەی کە لەناو ئەشکەوتەکەدا دەبینرێت حاڵەتی دەگمەنە لەڕووی جۆراوجۆرێتی لــە جوانی و هەروەها لــەڕووی پێوەرەکانــەوە، بۆ نموونــە درێژایی ئەشــکەوتەکە ١٠ هەزار مەتــرە و بریتیە لە ٢ چین، چینێکی وشــك و چینێکی دیکە هەیە کەوتۆتــە ژێر ئاو، هەروەها دووری لەنێوان بنی ئاوەکە و سەقفەکە ١٠٨ مەترە. بەواتایەکی تر، ئەشکەوتی ناو جەرگەی چیاکە زۆر گەورەیە و سروشت جوانتری کردووە و ئەمە هەمووی دیاری پەروەردگارە بۆ لوبنان. ئەم ئەشــکەوتە یەکێکە لە دیاردە دەگمەنــەکان و وێڕای جوانییەکەی دەتوانین ناوی بنێین بە گەوهەرەی گەشــت و گوزار»لوئلوئەی سیاحی» لە لوبنان.

**گــوڵان:** بەڕێزتان لــە میدیــاکان داوات لە حکومەتی لبنانــی و وڵاتانی عەرەبی کردووە ئەشــکەوتی جعیێتا بکرێت بە یەکێك لە شوێنە سەرســوڕهێنەرەکان بۆ جیهان. ئایا مەبەستی ئەم داواکارییەتان چییە و دەتانەوێت حکومەتی لوبنانی چیتان بۆ بکات ؟

**نەبیل حەداد:** ئێستا کێبڕکێیەکی جیهانی هەیە بۆ دەستنیشانکردنی ٧ ســەیر و سەمەرەکانی سروشت، ئەم کێبڕکێیەش لەکۆتاییەکانی ساڵانی ٢٠٠٧دا دەســتی پێکــردووە و تاکو ئەمڕۆش بەردەوامــە، لــەم کێبڕکێیەدا ٤٤١ شــوێنی سروشتیی جیهانی بەشدارییان کرد و ٣ قۆناغ لە تەسفیەکردن روویداوە، ئەمڕۆش ئێمە کەوتوینەتە قۆناغی تەســفییەی کۆتایی لەنێو ٢٨ شوێنی سروشــتیی جیهانی، کە ئەم شوێنانەش بریتین لە جوانترین شــوێنەکانی جیهان، تەنانەت گەر چیا بێت یــان رووبار یان دۆڵ یان دوورگە یان چیای گڕکان تەنانەت ئەشکەوتیش، ئەمڕۆش لەسەرتاسەری جیهاندا دەنگدان هەیە لەڕێگەی تەلەفون یانیــش لەڕێگەی ئەنتەرنێت، لیژنەی تەســفییەکردنەکە دوا وادەی بــۆ دەنگدانەکە دانــاوە کە لــە ٢٠١١\١١\١١دا کۆتایی دێت بــە نزیکەی دەنگی ١ ملیار مرۆڤ لەســەر گــۆی زەوی. ئێمەیــش لــەو بڕوایەداین کە ئەشــکەوتی «جعیێتا» کە خودا بە لوبنان-ی بەخشــیوە، یەکێکە لە شــوێنە کەم وێنەکانی جیهان و شایستەی ئەوەیە کە ببێتە یەکێك لە ٧ سەیروسەمەرەکانی سروشتی جیهان. هەربۆیەش بانگەشــە دەکەین بۆ دەنگــدان بۆ «جعیێتا» بۆئەوەی شــوێنێك لە وڵاتانی عەرەبی یان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببێتە یەکێك لەو شوێنانە

و ناوبنرێت بە یەکێک لە ٧ سەیرووسەمەرەکانی سروشتی لە جیهان و لەم بارەیەشەوە ئومێدێکی گەورەمان هەیە بۆ سەرکەوتن. ئێستا نزیکەی ٪٩٧ لە دەنگەکان بۆ ئەشکەوتی جعیتا دێت و زۆربەی دەنگەکان لە دەرەوەی وڵاتی لوبنان دەدرێت، هەربۆیە بانگەشەکەمان زۆر بەتینە، بەتایبەتی ئەمە مایەی شانازیە بۆ هەموو وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەراست، کە شوێنێکی جوگرافی سروشتی دەگمەن لە کێبڕکێی ٧ سەیرووسەمەرەکانی سروشتی لە جیهان بەشداری بکات و ئەمە یەکەمین جارە لە مێژوودا کە ئەم جۆرە کێبڕکێیە بەڕێوەبچێت، ئەم ٧ سەیرووسەمەرە سرووشتییانەش جیاوازە لە ٧ سەیرووسەمەرەکانی جیهان کە هەموومان دەیناسین و کە دروستکراوی دەستی مرۆڤە. ئێمە ململانێ دەکەین بە شتێک کە دروستکراوێکی سروشتییە.

**گوڵان:** هەر وەك بەڕێزیشتان ئاگادارن کە لە هەرێمی کوردستان چەندین شوێنی کەم وێنە و جوان هەیە لە چیا و دۆڵ ...و تاد. ئایا هیچ هەنگاوێك یان هیچ پێشنیارێکتان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەرتی گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان؟ بۆ نموونە هیچ هەنگاوێك هەیە بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کەرتی گەشت و گوزار؟ یان هیچ رێککەوتن هەیە؟

**نەبیل حەداد:** کوردستانی عێراق، یان هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، چەندین شوێنی جۆراوجۆر و جوانی تێدایە لە چیا و دۆڵ و جگە لە کەرتی کشتوکاڵی و ئاو و بەفرباراین. خودی خۆم چەندین جار سەردانی کوردستان-م کردووە و تامەزرۆی سێو و میوە بەتامەکان بووین کە لەو ناوچەیەدا دەردەچێت. هەڵبەتە پاش سەقامگیربوونی ناوچەکە لەرووی ئاسایشەوە، کوردستان پێویستیی بە کرانەوە هەیە لەگەڵ هەماهەنگی پسپۆران و پارەی وەبەرهێن لە دەرەوەی ناوچەکە، بۆئەوەی جۆرە تێکەڵبوونێك رووبدات لەنێوان جوانییەکانی سروشت و توانستەکانی مرۆڤ کە بە پسپۆڕێتی و شارەزایەتی دەست بە داهێنان بکات. تێکرای عێراق پێویستیی بە شوێنی گەشتیاری هەیە لە هاوینەهەوار و دەشت و شوێنی سروشتی دڵگیر، لەبەرئەوەی یەکەم مافی هاوڵاتی ئەوەیە کە تام و چێژ لە جوانییەکانی وڵاتەکەی وەربگرێت بە ئارامی و حەوانەوە و چێژوەرگرتن لەو سروشتە جوانەی کە خودا بە مرۆڤی بەخشییوە. لەهەمان کاتیشدا هەرێمی کوردستان لە عێراقدات ئەو مافەی هەیە بکرێتە شوێنێکی گەشتیاری و تەندروستی و چارەسەر لە کەرتی گەشت و گوزاری ژینگەیی لە جیهاندا، بۆ ئەوەی خەڵك بۆ حەوانەوەو بەسەربردنی کات و سەرکەوتن بەسەر چیاکانیدا، بۆ گەشت و گوزار سەردانی ئەم هەرێمە بکەن.هەروەها چەندین

## ئەشکەوتی «جعیتا» کە خودا بە لوبنان-ی بەخشیوە یەکێکە لە شوێنە کەم وێنەکانی جیهان و شایستەی ئەوەیە کە ببێتە یەکێك لە ٧ سەیروسەمەرەکانی سروشتی جیهان

شوێنی دیکەش لە عێراقدا هەن، بۆ نموونە لە ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە گەشتیاران پێویستیان بەوەیە، لە وەرزی هاوین کە کەش و هەوای باشوور و ناوەراستی عێراق روو لە گەرمی دەکات، گەشت بۆ هاوینەهەوارەکانی



هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ عێراقییەکان بۆئەوەی هەوای فێنکی هەرێمی کوردستان هەڵبمژن و سەردانی هاوینەهەوارەکانی بکەن. هەربۆیە لەگەڵ سەقامگیریی رەوشی ئاسایش، ئەگەرهات و ژێرخانەکانی گەشتیاری دەستبەرکران،وەك دروستکردنی رێگاوبانی گونجاو شایستە بۆ هاوینەهەوارەکان و دروستکردنی هۆتێل و شوێنی حەوانەوە و هۆیەکانی کاتبەسەربردنی گەنجان لە هاوینەهەوارەکانی کوردستان فەراهەمبکرێن، ئەوکات جموجۆڵی گەشتیاری دەست پێ دەکات،

## سەرەتا پێویستە لەکوردستان بە گەشتیاری ناوخۆیی دەست پێ بکرێت. ئەویش بەپێی گوزەرانی هاوڵاتیانی عێراق کە خوازیارن گەشت بکەن بۆ هاوینەهەوارەکانی

ئەمڕۆش جموجۆڵی گەشتیاری ئاکتیڤترین کەرتە لە جیهان لەبەرئەوەی باشترین کەرتی ئابوورییە و کە بەردەوامە لە گەشە و هەڵکشاندا، هەر بۆ نموونە کەرتی کشتوکاڵی و کەرتی پیشەسازی گەیشتونەتە ئاستێکی سنوردار لە هەڵکشان، لەکاتێکدا تەنیا لەساڵی رابردوو ٢٠٠٩ کەرتی گەشتیاری، زیاتر لە ٨٥٠ ملیۆن گەشتیار لە جیهانەوە روویان لە لوبنان کردووە بە مەبەستی گەشتیاری، هەڵکشان بەرێژەی ٪٦ – تاکو ٪٨، هاوکات هەڵکشانی کەرتەکانی تر بەرێژەی ٪١ – تاکو ٪٢. هەربۆیە، کەرتی گەشتیاری و خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گەشتیاری شتێکی زۆر گرنگە، منیش عێراقم خۆش دەوێت و رێز لە گەلی عێراقی و شارستانییەتە مەزنەکەی دەگرم، عێراق خاوەن چەندین شوێنی جۆراوجۆرە، گەر ئایینی بێت یان سرووشتی یان ژینگەیی، گوناهە بە ئاستی شایستەیی ئەو شوێنانە کاری بۆ نەکرێت یان بایەخی پێنەدرێت. پێویستە شوێنە گەشتیارییەکانی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بخرێنە ناو چوارچێوەیەکی درووست، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی راکێشانی سەرنجی گەشتیاران، تەنانەت لە ناوەوەی عێراق لە شێوەی گەشتیاری ناوخۆیی، یا گەشتیاریی دەرەکی. زۆریش ئاساییە گەر بتانەوێت ئێمە ئامادەین بە توانست و پسپۆڕێتیە موتەوازیعەکەمان بێین و هەماهەنگی لەگەڵ کوردستان بکەین، ئەویش لەکاتێك کە ئەگەر بێت و مەسەلەکە جددی بێت، زۆر ئاساییە لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاری وەبەرهێنانی کەرتی گەشتیاری بکرێت.

**گوڵان:** سەرۆك «مەسعود بەرزانی» لەمیانی سەردانەکانی بۆ لوبنان چەندین جار بانگێشتی کۆمپانیاکانی کرد بۆ هاتن بۆ کوردستان و ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان، ئایا دوای سەردانەکەی بەرێزی هیچ هەنگاوێکتان هەڵگرتووە؟



**نەبیل حەداد:** بەڵێ بەڕێز «بارزانی» سەردانی کردین، بەڵام پێوەندییەکی راستەوخۆ نەبوو بەڵکو کەسێك لەنێوانماندا هەبوو، منیش حەزناکەم پێوەندییەکان بەم شێوەیە بێت لەڕێگەی وەسیت، لەبەرئەوەی هیچ ئەنجامێکی پراکتیکیی لێ ناکەوێتەوە.هەرێمی کوردستانی عێراق خاوەن مێژوویەکی دێرینە و پێویستە مرۆڤ رێز بۆ تایبەتمەندییەکانی بنوێنێت، کەلتوری رۆشنبیری و زمانی کوردستان زۆر گرنگە. هەربۆیە، ئەگەر بێت و مرۆڤ خۆی بیەوێت و بەشێوەیەکی جددی هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت، ئەوە دەتوانێت تێکەڵبوونێك ئەنجامبدات لەنێوان کەلتور و شارستانییەت و نوێبوونەوە، بۆ نموونە لە کوردستان چەندین چیای بەرز و دۆڵی قووڵ هەیە و دەکرێ «تەلفریك» دابمەزرێندرێت و شوێنەکە بکرێت

## زۆربەی گەشتیارەکان لە ئیسپانیا و یۆنان و تەنانەت لە ئیسرائیل-یشەوە گەشتدەکەن بۆ مەبەستی لێکردنەوەی سێو و میوە لە درەختەکانی لوبنان

بە شوێنێکی گەشتیاری و خاڵێکی گرنگ بۆ راکێشانی سەرنجی گەشتیاران لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ، بەشێوەیەك کە کەمپ و هاوینەهەواری گەشتیاریی زۆر گرنگی تیا دابمەزرێندرێت، هەڵبەتە وەدیهێنانی ئەم کارەش پێویستیی بە وەبەرهێنانێکی گەورە هەیە لەگەڵ بانگەشەیەکی باش و لەگەڵ بونیاتنانی خانووی سادە، بەڵام پاك و خاوێن بێت، کە مایەی راکێشانی سەرنجی گەنج و قوتابیان و دیدەوانی و ...تاد. بەپێی ئەزموونەکان، ئەنجامدانی ئەم کارانە ئایندەیەکی زۆر گەورەی هەبووە لە سەرتاسەری جیهان، دەشکرێ ئەو شتە لە کوردستان وەدیبهێنرێت. لای هەموومان ئاشکرایە کە گەنجان پێشەنگی کەرتی گەشتیاریە لە جیهان، کەرتی گەشتیاری بەم شێوەیە بەڕێوەچووە لە هند و چین و ئەندەنۆسیا و مالیزیا، لەبەرئەوەی گەنجانیان بۆ وڵاتانی جیهان دەنارد و پاش گەڕانەوەیان هەر یەك و راپۆرتی خۆی دەنووسییەوە و پاشان نەوەی دوای ئەوان دەهات و لەسەر رێچکەی ئەوان بەردەوام دەبوون. هەربۆیەش، ئەگەر پێشنیاری جددی هەبوو، ئەوکات دەکرێ تاوتوێ بکرێت.





**گوڵان:** دواپرسیار، ئەگەر بێت و سروشتی کوردستان بەشێوەیەکی درووست بەکاربهێنرێت، ئایا پێتوایە کوردستان وەك شوێنەکانی تری جیهان ببێتە ناوچەیەکی گەشتیاری؟


**نەبیل حەداد:** بێگومان، عێراق بە گشتی هەر لە باشوورەوە تاکو باکوور خاوەن چەندین ناوچەی شوێنەواری دێرین و گرنگە، لە عێراق شاری شوێنەرای دێرین هەیە و دەکرێ هەنگاو بە هەنگاو و بەتێپەڕبوونی کات گەشە بەخۆیەوە ببینێت و کەرتی گەشتیاری وڵاتەکە لە ئاستی ناوخۆییەوە بگاتە ئاستێکی جیهانی. بەڵام ڕەوشی ئاسایشی عێراق نالەبارە و تێڕوانینی جیهانی بەرامبەر عێراق ئەوەیە کە عێراق وڵاتێکی زۆر ترسناکە. هەربۆیە، پێش ئەوەی دەست بە گەشتیاریی نێودەوڵەتی بکرێت، سەرەتا پێویستە بە گەشتیاری ناوخۆیی دەست پێ

**لەگەڵ سەقامگیریی ڕەوشی ئاسایش ئەگەرهات و ژێرخانەکان دەستەبەرکرا لە ڕێگا و بان و هاوینەهەوار و ئۆتێل یان شوێنی گەنجان، تەنانەت کەمپی گەنجانیش، ئەوکات جموجۆڵی گەشتیاری دەست پێ دەکات**

بکرێت، ئەویش بەپێی گوزەرانی هاوڵاتیانی عێراق کە خوازیارن گەشت بکەن، هەرچەندە باری گوزەرانی هاوڵاتی عێراقی لاوازە، بەڵام سەرەتا گەشتیاریی خێزانان و گەنجەکان دەست پێ دەکات. ئەمڕۆ عێراق خاوەن سەرچاوە و سامانی دەوڵەمەندە و بەتایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵی، خاکی باکووری عێراق خاوەن زەوییەکی بەپیتە و چەندین جۆری میوەی لێ بەرهەمدەهێنرێت وەکو سێو، کە سێوی هەرێمی کوردستان زۆر بەتامە، هەندێ جۆری گەشتیاری هەیە بۆ لێکردنەوەی بەروبومەکان، بۆ نموونە زۆربەی گەشتیارەکان لە ئیسپانیا و یۆنان و تەنانەت لە ئیسرائیل-یشەوە گەشتدەکەن بۆ لوبنان بە مەبەستی لێکردنەوەی سێو و میوە لە درەختەکان، گەنجەکان دێن و بەبێ بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش دەکەن و بەشداردەبن لە وەرزەکانی لێکردنەوەی بەروبوومەکان. زۆر شێواز هەیە و دەکرێ مرۆڤ بیری لێ بکاتەوە لەبارەی ناساندنی شوێنە دڵگیرەکان بۆ زۆرترین کەس، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە هۆشیار و تێگەیشتوون و کە ئامادەن شارەزاییەکانیان بگوازنەوە بۆ دەرەوە و لەئاکامیشدا دەبێتە بانگەشەیەکی باش بۆ کوردستان...



# ئاسایشی خۆراک لە کوردستاندا



د. ئەنوەر عەبدوڵڵا بەرزنجی

یەکێك لەپرەنسیپەکانی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی ئەم سەردەمە بۆ بەهێزکردنی تواناستراتیژییەکانیان لەناو پێگەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەم دەوڵەتانە هەوڵدەدەن پێکهاتە توندوتۆڵەکانی (Hard Power) وەك بواری سەربازی و ژێرخانی ئابووری بنیاد بنێن و بەرلە پێکهاتە ئاسایە نەرمەکانی (Soft Power) وەك بواری رۆشنبیری و دبلۆماسی و راگەیاندن، لەبەرئەوەی پێکهاتەکانی بواری سەربازی و ئابووری رۆڵێکی گرنگ دەبینن لەبەهێزکردن و پتەوکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتدا بۆئەوەی بتوانێت بەرەنگاری هەموو ئەو پلان و کێشەو گرفتانەی ناوەوە دەرەوە ببێتەوە کەرووبەڕوویان دەبێتەوە .

لەگەڵ دەرکەوتنی سەدەی بیست و یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی لەناو بنەماکانی دارشتنی ستراتیژیەتی نێودەوڵەتیدا پێکهاتە توندەکان توانییان رۆڵێکی بەهێزبببینن لەبنیادنانی ئاسایشی نەتەوەییدا، لەبەرئەوەی کە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی توانی گەورەترین خزمەت بە وڵات بگەیەنێت و هێزێکی زۆری پێ ببەخشێت، بێگومان سەلامەتی خۆراکیش کەچەند لایەنێکی گرنگ دەگرێتەوە وەك پاراستنی سامانی ئاو و سەرچاوەکانی وزەو سامانە سروشتیەکان لەبەر ئەوەی ئەمانە هەمووی رۆڵێکی کاریگەر دەگێرن بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی بڕیارە سیاسیەکانی دەوڵەت وەك بەشێکی سەرەکی لە ئاسایشی نەتەوەیی بەرجەستە دەکرێت .

روون و ئاشکرایە لەسەدەی بیستەمدا کێشە دەرەکیەکان زیاتربوون و خۆیان لەچەند لایەنێکی تردا دەدۆزیەوە وەك قەیرانەکانی ئاوەهوا و دارمانی سەرمایە سروشتیەکان وسەرەرای دابەشبوونی نایەکسانی سامانە سروشتیەکان و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و کەمبوونەوەی ئاوی سازگار و کەمبوونەوەی زەوییە کشتووکاڵیەکان و لەدەستدانی نزیکەی (٥،٥) ئەمەسەرەرای بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشتووان بەشێوەیەکی ترسناك کەنزیکەی (٣٣،٠) کەدەتوانین ناوی لێبنێین تەقینەوەی دانیشتووان.

یەکێك لە گرنگترین لەو پرسیارانەی کە لە کۆنگرەی کۆبنهانگن دا ورژینراوو بوو بەمشتومری نێوان بەشداربووەکان لە چەند خاڵێك پێکهاتبوو لەوانە زیادبوونی رێژەی دانیشتووان و کەمبوونەوەی ئاوی سازگاری بەکاربەر و کەمبوونەوەی خۆراك و بەکارهێنانی ماددە کاربۆنیە زیانبەخشەکان.

ئەگەر تەماشا بکەین نرخی خۆراك لەسەر زەوی رۆژ لەدوای رۆژ بەرزدەبێتەوە بۆ نموونە لەساڵی (١٩٧٠) نرخی خۆراکی بەکاربراو دەگەیشتە نزیکەی (٥٣) ملیار دۆلاری ئەمریکی لەکاتێکدا ئەم رێژەیە بەرزبۆتەوە لەساڵی (١٩٩٠) گەیشتە (٣٢٦) ملیار دۆلارو ئەم رێژەیە وردە وردە بەرەو هەڵکشان چوو تا لەئەنجامدا بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گەیشتە (٤١٠) ملیار لەساڵی (٢٠٠٠)، ئەگەر تەماشابکەین بەشێوەیەکی زۆر خێرا بەرزبۆتەوە، ئەمەلەکاتێکدا ئەگەر کارەساتێکی سروشتی یان مرۆیی روویدات ئەوا قەیرانەکان ئاڵۆزتر دەبن.

لێرەدا دەبێت ئاماژەبەوە بدەین کەهەرێمی کوردستانیش وەك زۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ ئەوەی پێگەی سیاسی خۆی بەهێز بکات پێویستی بەبەهێزکردن و پتەوکردنی سەلامەتی خۆراکە لەکوردستاندا، ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی پرۆگرام دارێژراو دەست پێبکەین پێویستە بگەرێینەوە بۆ سیستەمی کشتوکاڵی، چونکە کشتوکاڵ تاکە رێگەچارەیە بۆ کوردستان کۆمەڵگای ئێمە بەدرێژایی مێژوو کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بووە، هەرچەندە سەلامەتی خۆراك لە هەرێمی کوردستاندا تووشی قەیران بووە لەئەنجامی سیاسەتە نارەواکانی رژێمی پێشوو کەزۆربەی شارۆچکەو گوندەکانی خاپوور کرد و لەبەر ئەوەش دەتوانم بڵێم سامانی ئاو بەهەدەر دەروات زەوییە کشتوکاڵیەکان بوونەتە شوێنی نیشتەجێبوون ئەمەسەرەرای خراپی نارێکی دابەشبوونی دانیشتووان (Disturbance of Demography) و نارێکی دابەشبوونی هێزی کارکردن (Mal-Distribution of Manpower). زۆربەی زەویەکانی کشتوکاڵ لەئەنجامی فراوان بوونی شارەکاندا بوونەتە شوێنی نیشتەجێبوون و نەبوونی پێوەندییەکی گونجاوی رێك و پێکە لە نێوانی تەندروستی سروشت و تەندروستی گشتی تاکدا (Burden of Education problems) کە خۆی لەخۆیدا دەناڵێنێت بەدەست نەبوونی پسپۆری نەبوونی تواناکان (Transfer of Knowledge)کەمی شارەزا لەبوارەکاندا .

بەباسکردنی فاکتەرە پێویستیەکان تەنیا دابینکردنی سەلامەتی بازارگەی خۆراکە کە دەمانگەیەنێتە کێشەکانی بەرهەمهێنان و چۆنێتی هەڵگرتنی بازارگای خۆراك لە کوردستاندا کەئەمەش پێویستی بەگەشەپێدانێکی زۆر هەیە (گوڵان ٨٠٠- ٤-١٠-٢٠١٠) شایەنی باسە دەبێت وەبەرهێنان لەکەرتی کشتوکاڵدا زاڵبێت بەسەرکەرتی بازاردا، لەبەر ئەوەی کەئەگەر وەبەرهێنانی کشتوکاڵی نەتوانێت بازارەکان پربکات ئەوا کێشەیەکی بازار دروست دەبێت، لەم بارەیەوە چاکسازی کارگێریی ودارایی و هونەری لەکەرتی کشتوکاڵدا (Sector Development) کەپێی دەوترێت (گەشەپێدانی کەرت) ناچارمان دەکات گرنگی بەتوانا مرۆییەکان بدەین، لەم بارەیەوە تاقیکردنەوەی وڵاتانی ئەورووپی بەتایبەتی وڵاتانی ئەسکەندنافی وەربگرین بۆ کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکان سوودی لێدەبینرێت لە گەیاندنی زانیاری پێویست (Transfer of Knowledge)، دەتوانین پەرەیەکی باش بەگەشت بوارەکانی کشتوکاڵ بدەین کە

بگونجێت لەگەڵ واقیعی هەرێمی کوردستاندا .

لەسەرەتای کارەکەماندا بۆ بەهێزکردنی سەلامەتی خۆراك دەبێت نەخشەکێشانێکی ورد لەبوارەکانی بەرهەمهێنان جێبەجێبکرێت لەبوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا و سوودی تەواو لەبواری کشتوکاڵ وەربگیرێت و پێویستە زەویە کشتوکاڵیەکان (Green Lands) لەلایەن کەسانی شارەزاوە بەکاربهێنرێت، پێویستە زانیاری هونەری نوێ (Know How) بەکاربهێنرێت وکارگێریی پێشکەوتوومۆدێرن (Modern Management) بۆکێڵگە کشتوکاڵییەکان دابنرێن و ئامێری تەکنەلۆژی (Materials & Technologie) تایبەت بەکشتوکاڵ، تۆوی بەرهەمهێنانی خۆراکی بەکەڵك لەجۆری باش بگوێزرێتەوە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانرێت بەشێوەیەکی باش خزمەت بەجووتیاران بکرێت هانبدرێن بەرەو بەکارەکانیان بدەن .تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو دابین بکرێت و بەشێوازێکی زانستیانە ئاو بەکاربرێت و هانی سامانی ئاژەڵ بدرێت، پێویستە کۆگای تایبەت بۆ هەڵگرتنی بەرهەمە خۆراکیەکان لەنزیك گێڵگەکانی کشتوکاڵ دابین بکرێت و هەروەها برەو بە پیشەسازی خوری و لۆکە و پێستی ئاژەڵان بدرێت.

بێگومان روون و ئاشکرایە سەلامەتی خۆراك سەرناکەوێت تا کۆنترۆڵی جۆری لەسەر ئەوبەرهەمانەی کەلەدەرەوە دێن بەشێوەیەکی کارا نەبێت، لەبەر ئەوەی لەکاتی نەبوونی کۆنترۆڵی جۆریدا گەورەترین قەیران روودەدات بەتایبەتی ئەگەر دەرمان و خۆراکی ناپەسەند بێنە ناو وڵاتەوە ئەوا گەورەترین کارەسات روودەدات نەخۆشیە ترسناکان وەك شێرپەنجەو کۆئەندامی هەرس و دڵ و گورچیلە ژیانی هەزاران هاووڵاتی دەخاتە مەترسییەوە .

لەزۆر وڵاتی جیهاندا هەندێ دامەزراوەی چاودێرکردنی کۆنترۆڵی جۆری هەن کەدەسەڵاتی تەواوەتیان پێبەخشراوەو بەشێوەیەکی فراوان دەتوانن بۆنموونە لەوڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکادا دامەزراوەیەکی وەك (Food & Drug Administration) هەیە کە دەسەڵاتیکی رەهای پێبەخشراوە بۆجێبەجێکردنی کارەکانی لەبواری کۆنترۆڵی جۆریدا، کەئەمەش گەورەترین خزمەتی بە ئاسایشی نەتەوەیی لەو وڵاتەدا کردووە.

ئەوەی شایەنی وتنە لەهەرێمی کوردستاندا لەدوای ساڵی (٢٠٠٥) وە هەوڵدراوە کە دەزگایەکی تایبەتی پسپۆڕ لەبواری کۆنترۆڵی جۆریدا بەڵام تائێستا ئەم دەزگایە نەیتوانیوە کۆنترۆڵی ئەو داوودەرمانە ناپەسەند و خۆراکە ماوەبەسەرچووەکان بکات کەدێنە ناوهەرێمی کوردستانەوە چونکە ئەم دەزگایە دەسەڵاتی دەستنیشانکراوەو ئەرکەکانیشی دیاری کراوە لەبەر ئەوە ناتوانێت ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی وەك پێویست جێبەجێبکات .

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەگەر چاو بەو بڕە پارەیەدا بخشێنینەوە کە ساڵانە لەهەرێمی کوردستاندا لەلایەن هاووڵاتیانەوە نزیکەی هەزاران دۆلار بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان خەرج دەکرێت کەئەمەش خۆی لەخۆیدا گەورەترین زیانی ئابووری بەهەرێمەکەمان دەگەیەنێت کە ئەم هەموو داهاتە خەرجدەبێت بەهۆی نەخۆشکەوتنی هاووڵاتیانەوە کەهۆکارەکەشی بوونی دەرمانی ناپەسەندو خۆراکی ماوە بەسەرچووە لە ناو بازارەکانی هەرێمدا، بۆیە دامەزراوەیەکی تایبەت بەکۆنترۆڵی جۆری ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت بۆ بەهێزبوونی ئابووری هەرێم و دەبێتە بناغەیەك بۆدامەزراندنی دامەزراوە ئابووریەکانی دەوڵەتی کوردستان و کۆنترۆڵی جۆری دەبێتە هۆی ژیانەوەی کەرتی کشتوکاڵ کە جێگرەوەیەکی باش دەبێت بۆسامانی نەوت لەداهاتوودا.

